دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٠٢، سێشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٦ی جوولای ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com

■ کۆبوونەوەی باڵای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو ٢

■ یازدەهەمین دەورەی سیاسی ئاستی دوو بەشی یەکەمی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە کۆتایی پێهات ٢

■ کەرتی تەندروستی لە کۆیە لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕێزیان لێ گیرا ٣




دوکتور قاسملو تێکۆشەری شێلگیری ڕێگای دابینکردنی دێموکراسی

٤



ڕاسانی ڕۆژهەڵات، هیلاک نەبوون و بەردەوام بوونە لە خەبات

٦



شەهید «لوقمان مێهفەر»؛ سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی

٨



مانگرتنی کرێکاران هەنگاوێک بەرەو ڕزگاری یەکجاری

١٠

# ژنان لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا



ڕێکەوتی ١٥ی پوشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی دەورەی ٢٥٠ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو.

دەورەی ٢٥٠ی سەرەتایی پێشمەرگە، تایبەت بوو بە پۆلێک لە کیژانی دەروەستی کوردستان کە پاش تێپەڕاندنی خولێکی تایبەتی چەند مانگە و تێپەڕاندنی وانەگەلی سیاسی و نیزامی، بار هاتن تا بتوانن خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن.

ڕێوڕەسمەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتبوو؛ لە بەشی یەکەمدا و پاش دیتنی سانی نیزامی، بەشداربووانی دەورەی ٢٥٠ وێڕای چەند دەستە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە سەرجەم لە کچان و ژنانی نیشتمانپەروەر پێک هاتبوون، سروودی دوژمنبەزێنی «ئەی ڕەقیب»یان خوێند. دواتر وەک نەریتی هەموو دەورەکانی سەرەتایی پێشمەرگە سوێندی نیشتمانییان خوارد؛ پاشان بە فەرمانی فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە ڕێژەی تایبەتی هێزی پێشمەرگەیان پیشانی بەشداربووان دا کە نیشانە و دەرخەری ئامادەیی جەستەیی ئەوان بوو و ئەمەش کەشێکی جیاوازی بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی.

لە بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمەکەدا و پاش ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، بەخێرهاتنی میوانانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

دواتر کاوە بەهرامی بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد؛ ناوبراو وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەشداربووانی دەورەکە و ماندوونەبوونی لە مامۆستایانی فێرگە باسی لە تایبەتمەندییەکانی دەورەکە کرد و وتی: ئەم دەورە خاوەنی دوو تایبەتمەندی بوو کە جیای دەکاتەوە لە دەورەکانی پێشتری خۆی کە ئەوانیش بریتین لەوەیکە حیزبی دێموکرات هەر ٥٠ دەورە ڕێوڕەسمێکی لەو چەشنە بەڕێوە دەبات و دووهەم ئەم دەورە تایبەتە بە کچانێک کە خوازیاری پەیوەست بوونی بە هێزی پێشمەرگەن.

دواتر باسی لە کاتی تەواوبوونی دەورەکە کرد کە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی مانگی پووشپەڕ و ساڵڕۆژی شەهید کرانی ڕێبەری ناوداری کورد، د.قاسملووی مەزن.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا، بەهرامی ئاوڕی لە مێژووی فێرگەی فەرماندەیی دایەوە و وێڕای بەرزنرخاندنی دەور و نەخشی مامۆستا شەهیدەکانی فێرگە، لەوانەش شەهیدان سەید سەلام عەزیزی، سەروان چەکۆ ڕەحیمی، غەفور مێهدی زادە، عەلی ئەمینی، ڕەسووڵ محەممەدزادە، سەرکەوت سەمەدی، موختار قادرپوور و فاروق حەسەن خەیات و باقی ئەو مامۆستایانەی کە لەم فێرگەیەدا زەحمەتیان کێشاوە باسی لەوە کرد کە فێرگە جیا لە هەوڵدان بۆ بارهێنان و پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی گەل بۆ پێشمەرگایەتی، چەندین خول و دەورەی پەروەردەیی تایبەتی لە ئاستی بەرزدا بۆ کاروباری سیاسی و نیزامی بەڕێوە بردووە کە جێگەی شانازین. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە باسی لە بارودۆخی هەنووکەیی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کرد و لە سێ ڕەهەندی سەرەکیدا خوێندنەوەی بۆ کرد کە بریتی بوون لە: بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری.

پاشانیش سەبارەت بە دۆخی ژنان لە کوردستان و ئێران هەڵوەستەی کرد و پێی لەسەر ئەو خاڵە گرینگە داگرتەوە کە لە ئێراندا ژنان جیا لەوەیکە وەک ژن دەچەوسێندرێنەوە لە مافی کەرامەتی ئینسانی و ئازادیش بێبەهرە دەکرێن و وەک بوونەوەرێکی لاواز سەیر دەکرێن بەڵام لە بەرامبەریدا باسی لەوە کرد کە لە نێو حیزبی دێموکراتدا ژن نەتەنیا بە لاوازی سەیر نەکراوە بەڵکوو وەکوو بەشێکی سەرەکی لە گرێچنی کۆمەڵگا و نێو حیزب سەیر کراوە؛ لەم پێوەندییەشدا ئاماژەی بە وتەیەکی شەهیدی نەمر د.قاسملوو لە ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی پاش پەیوەستبوونی پۆلیک لە کیژانی دەروەستی کورد بە ڕیزەکانی شۆڕش کرد کە دەڵێ: »ئەم بەشدارییە وەک قۆناغێکی گرینگ و نوێ لە خەبات دەبینم کە دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی پاشەڕۆژی کوردستان و ئێران دابنێ.»

لە بەشێکی قسەکانیدا بەڕێز بەهرامی باسی لە دانانی «ئیبراهیم ڕەئیسی»، وەک سەرکۆمار لە سیستمی سیاسیی ڕێژیمی ئێران و لە ئەنجامی بەناو هەلبژاردنەکانی مانگی جۆزەردان کرد.

لە دوای قسەکانی ناوبراو سرودێک لە ژێر ناوی «ئەم هەمی پێشمەرگەینە»، لەلایەن بەشداربووانی دەورە، بە هاوکاریی «کۆڕی هونەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان»، پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە کورتەباسێک بوو لەسەر مێژووی دامەزراندنی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو لەلایەن «موختار سۆهرابی» بەرپرسی فێرگەی فەرماندەییەوە پێشکەش کرا.

دواتر لەلایەن بەشداربووی دەورە «ئەوین قادر زادە» پەخشانێک لەژێر ناوی «ئاڵا» خوێندرایەوە. دواتر ڕاپۆرتی بەڕێوەبەریی دەورەی ٢٥٠ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن «عوبەید موڕادی» یەکێک لە مامۆستایانی فێرگە پێشکەش کرا. پاش ئەو ڕاپۆرتە، کۆڕی هونەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گۆرانییەکی فۆلکلۆریان پێشکەش کرد.

پەیامی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن بەشداربووی دەورە «سیما شەریفی» خوێندرایەوە کە تێیدا وێڕای سپاس و پێزانین بەرامبەر زەحمەتی مامۆستایانی فێرگە ئامادەیی خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەرک لە ڕەفەکانی هێزی پێشمەرگە دەربڕییەوە.

پاشان بەشێک لە پەخشانی «دایکی شۆڕش» لە هۆنینەوەی تێکۆشەرێکی نێوخۆ بە نازناوی «چریکی پیر» لەلایەن پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکە خوێندرایەوە. لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەشێک لەو مامۆستایانەی کە وانەی سیاسییان لە فێرگەدا وتووەتەوە لەلایەن ڕێزدار «حەسەن شەرەفی» بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات خەڵات کران کە بریتین لە: « محەممەد ساحیبی، فواد خاکی بەیگی، هیوا میرزایی، شەهاب خالیدی،موختار سۆهرابی، حەمدی حوسێنی «.

لە بەشی نیزامیشدا ئەو کەسانە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا بریتی بوون لە: «عوبەید مورادی، هێمن ڕەسووڵ ئابادی، بوداغ بوداغی، فەریاد دروودی، سەروەر مەعرووفی، شۆڕش نەزەری و خەلیل میلان دوود کانلوو» کە لەلایەن «ئەلبۆرز ڕووئین تەن» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبەوە پێشکەشیان کرا.

پاشان لەلایەن «مریەم یووسفی» بەشداربووی دەورە پەخشانێک لەژێر ناوی «زادگاە و نیشتمان» بە زاراوەی هەورامی پێشکەش کرا. لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا ئەو کەسانەی لە دەورەدا لە بەشی تاقیکاریی سیاسی و نیزامی و نەزم و دیسیپلیندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، خەڵات کران. لە بەشی سیاسی و نیزامیدا «ئەسرین بایزیدی، سومەیە حەمزەنیا و عایشە ڕەسووڵ ئابادی» خەڵات کران کە لەلایەن «سدیق دەرویشی» جێگری دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە خەڵاتەکانیان پێ بەخشرا. لە بەشی نەزم و دیسیپلیندا «مریەم یووسفی، مەرزیە ڕەمەزانی و ئەوین قادرزادە» خەڵات کران کە لەلایەن «هیوا میرزایی» سەرپەرەستی دەزگای پەوەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبەوە خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

## پەیڤ

### شۆڕشی ژنان

کەریم پەرویزی

چەند دەیەیەکە لە کوردستانیش باس لەوە دەکرێ کە ژنان وەکوو پیاوان مافیان هەیە و دەبێ بە یەکسانی چاو لە ژن و پیاو بکرێ.

لانیکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە هەنگاوە بوێرانەکانی پێشەوای نەمر، باس لە ژن و مافەکانی و بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و بریاردان بۆ کۆمەڵگا هاتۆتە نێو گوتاری سیاسیی کوردستانەوە.

ئەم باسە لە ئاستی جیهانیشدا، زۆر درێژخایەن و چەند سەدەیی نییە و زۆرتر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بووە کە وەکوو گوتار و وێژمان، باس لە مافی یەکسانی ژن و پیاو کراوە و لە ئەدەبیاتی سیاسیدا وردە وردە جێی گرتووە.

هەڵبەت ئەوەش بەباشی دەزانین کە لە نێوان وتە و وێژمان تاکوو کردەوە و نۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕەنگە بە ئەندازەی زەریایەکی پان و بەرین مەودا هەبێ و زۆرجار، دەیان ساڵ تێدەپەڕێ و وتەیەك لە کردەوەدا ڕەنگ ناداتەوە.

ژن کاتێك دەتوانێ لە تەواوی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەکوو پیاو بە یەکسانی بەهرەمەند بێ کە خۆی بە کردەوە لە جەرگەی تێکۆشان بۆ خەباتی مرۆیی و ئازادیخوازانەدا بەشدار بێ و بەو شێوە بە کردەوە و لە نێو خاڵەکانی بەرنامە کارییەکاندا دەیگونجێنێ و دەیچەسپێنێ کە ژن و پیاو بە یەکسان چاو لێ بکرێن و دەرکەوتەی بەهرەمەندییان یەکسان بێ.

لە خەباتی نەتەوەیی کوردستاندا ژنان کەم تا زۆر لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بەشدار بوون و لە پەلەکانی پێشمەرگە و لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانیشدا ژنان و کچانی کورد لە دژوارترین دۆخەکاندا هەنگاویان لەگەڵ پیاوەکان هەڵگرتووە. ئەمە وێنەیەکی چەند دەیەییە و تەنانەت لە ڕیزی پێشمەرگایەتیشدا ژنانی کورد لە ڕیزی گیانبازیدا کورتیان نەهێناوە و لە نێو سەنگەری بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەییدا شەهید بوون بەڵام ئەوە بەشداری و ئامادەبوونێکی یەکسان لەگەڵ پیاوان نەبووە و دەتوانین بڵێین زۆرتر وەکوو نموونە بووە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی ئێران




کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان
خەڵکی ئازادیخوازی ئێران
کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان

هەروەک ئاگادارن لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کرێکارانی پیشەسازیی نەوت لە ئێراندا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیان داوەتە مانگرتنێکی بەربڵاو و دەربڕینی ناڕەزایەتی دژ بە پێشێلکردنی مافەکانیان کە لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە درێژەی هەیە.
ئەو مانگرتنە بەرینە کە ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردان بە دەربڕینی ناڕەزایەتیی کرێکارانی گرێبەستی کۆمپانیای «فراب» لە «بیدخوون» دەستی پێکرد، ڕۆژی ١ی پووشپەڕ بە بانگەوازی «ئەنجومەنی ڕێکخستنی ناڕەزاییەکانی کرێکارانی گرێبەستی نەوت» بەشە جیاجیاکانی پیشەسازیی نەوت و گازی ئێرانی گرتەوە و لە ڕۆژانی دواتردا کرێکارانی کارگەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیی نەوت و کارەبای ئێران لە بێهبەهان، بووشێهر، کەنگان، خارک، تاران، ئەراک، گەچساران، ئابادان، ئەهواز، ئیسفەهان، قیشم، ماهشەهر و... بە مانگرتنەکەوە پەیوەست بوونە و ڕێژیم تا ئێستاش نەیتوانیوە پێش بە پەرەسەندنی شەپۆلی ناڕەزایەتیی بەربڵاوی کرێکاران بگرێت.
ئەو مانگرتنانە ڕۆژی شەممە ٦ی پووشپەڕ، کەرتی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و وزەخانەکان و کەرتی ئاژەڵدارییشی گرتەوە. بە وتەی ئەنجومەنی ڕێکخستنی ناڕەزاییەکانی کرێکارانی گرێبەستی نەوت، پێرسۆنێلی فەرمیی پیشەسازیی نەوتیش بڕیاریان داوە بۆ پاڵپشتی لە ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی گرێبەست، ڕۆژی ٩ی پووشپەڕ بە مانگرتنەکانەوە پەیوەست بن. لە ڕاگەیەندراوی ئەو بەشە لە کرێکاراندا هاتووە کە ئێمەی کرێکار چیدیکە هەژاری، بێدەرەتانی، هەڵاواردن، نایەکسانی و بێبەشبوون لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان قبووڵ ناکەین.
هەر بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوە، لە پاڵاوگەی نەوتی تاران ٧٠٠ کرێکار لەلایەن ڕێژیمەوە دەستبەسەر و لە کارەکانیان دەرکراون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە داخوازییەکانی کرێکاران تەنیا کۆمەڵێک داخوازیی سینفین کە دابینکردنیان بەشێکە لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ.
لەو پێوەندییەدا کرێکاران ڕایانگەیاندووە ئەگەر وەڵامی داخوازییەکانیان بە شێوەی گونجاو نەدرێتەوە، ناڕەزایەتییەکانیان چڕتر و بەربڵاوتر دەکەن و تا دابینبوونی مافەکانیان ئامادە نین بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان.
ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، پشتیوانیی تەواوی خۆمان لە داخوازیی ڕەوا و هەڵوێستی ئازایانە و خەباتی مافخوازانەی کرێکارانی مانگرتوو ڕادەگەیەنین و لەسەر ئەو باوەڕەین کە کرێکاران وەکوو هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان شایانی ژیانێکی تەژی لە خۆشبژیوی و پاراستنی مافە سینفی و دێموکراتیکەکانن و لەو پێناوەشدا مافی ڕەوای خۆیانە کە بە مانگرتن و کۆبوونەوە و میتینگ و شێوەکانی دیکەی خەبات، ناڕەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە دۆخی نالەباری ژیانیان دەربڕن و دەسەڵاتی ستەمکار و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بۆی نییە وەڵامی داخوازییەکانیان بە گرتن و دەرکردن و هەڕەشە و ئەشکەنجە بداتەوە.
هەروەها داوا لە هەموو چین و توێژەکانی دیکەی خەڵک، لایەنە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دەکەین پاڵپشتی خەبات و داواکارییە ڕەواکانی کرێکارانی ئێران بن و ڕێگە نەدەن ڕێژیمی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی لە بێدەنگی و بێ هەڵوێستیی ئەوان بۆ سەرکوتی کرێکاران کەڵک وەربگرێت.
لەو پێوەندییەدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا کە سەرقاڵی دانوستان لەگەڵ ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ڕێککەوتنی ناوکیدان، نابێ چاوپۆشی لەو سەرکوت و پێشێلکارییانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتدا بکەن و دەبێ گوشاری بخەنە سەر بۆ ئەوەی کە پابەندی کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامەکانی کار لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی کرێکاراندا بێت.

**سەرکەوێ خەباتی کرێکارانی مافخوازی ئێران و کوردستان**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٧ی پووشپەڕی١٤٠٠ی هەتاوی**
**٢٨ی ژوئەنی ٢٠٢١ی زایینی**

# کۆبوونەوەی باڵای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی بە میوانداریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆبوونەوەی هەر ٤ حیزبی بەشدار لە ناوەندی هاوکاری بەڕێوە چوو.
سەرەتای کۆبوونەوەکە ‹‹عەبدوڵڵا موهتەدی›› لێکدانەوەیەکی لەسەر هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرکۆماری و شوراکان پێشکەش کرد کە تێیدا ئاماژەی سەرەکی خرابووە سەر بایکۆتی بەرینی هەڵبژاردنەکان لەلایەن جەماوەری خەڵک ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.
دواتر بەشداربووانی هەر سێ لایەنەکەی دیکەی بەشدار لە ناوەندی هاوکاری ڕا و بۆچوونی خۆیان لەو بارەوە باس کرد.
لەو کۆبوونەوەیەدا ناوەندی هاوکاری سپاس و پێزانینی خۆیان بۆ جارێکی دیکە ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد و هەڵوێستیانیان لەمەڕ بەهاناوە هاتنی بڕیاری ناوەند بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بەرز نرخاند.
لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، دوای خستنە بەر باسی ئەو گەڵاڵانەی کە ناوەندی هاوکاری لە مانگەکانی ڕابردوودا کاری لەسەر کردوون، بڕیار درا کە لانیزۆر تا ١ مانگی داهاتوو ئەم گەڵاڵانە تەواو بکرێن و بۆ پەسەندکردنی کۆتایی بێنەوە کۆبوونەوەیەکی باڵای ناوەندی هاوکاری.
لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسایەتی دەورەیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆتایی پێهات و بەرپرسایەتی ناوەندی هاوکاری بۆ دەورەی داهاتوو ڕادەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی دامەزرانی «حیزبی شیوعی»دا بەشداری کرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ٢٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی «حیزبی شیوعیی کوردستان»دا بەشداریی کرد.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٩ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەد نەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی «حیزبی شیوعیی کوردستان» سەردانی کۆمیتەی ئەو حیزبەی لە کۆیە کرد و لەلایەن هەیئەتێک بە سەرۆکایەتیی «ئەبوو کاروان»، ئەندامی سەرکردایەتی و «هیوا حەمد» بەرپرسی کۆمیتەی کۆیە پێشوازیی لێ کرا.
لەو ڕێوڕەسمەدا کە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشدار بوون، «قادری» وێڕای پیرۆزبایی لە ئەندامان و لایەنگران و ڕێبەرایەتیی حیزبی شیوعی، باسێکی کورتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕابردووی پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی شیوعی پێشکەش کرد و جەختی لە سەر گرینگیی هاوکاری و هاوخەباتیی زیاتری نێوان هەر دوو حیزب لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە سیاسی و نیشتمانییە جۆراوجۆرەکاندا کردەوە.
هەروەها «ئەبوو کاروان»، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی، وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی شاندی حیزب، لە چەند وتەیەکدا ڕابردووی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو لای بە پڕشنگدار و نموونەی پێوەندییەکی دەروەستانە و نەتەوەیی لە قەڵەم دا و جەختی لە سەر گرینگیی بەردەوامبوونی زیاتری ئەو پێوەندی و هاوکارییانە لە داهاتوودا کردەوە.
لەو ڕێوڕەسمەدا چەپکە گوڵێک بەو بۆنەوە لەلایەن «ناسر ساڵحیی ئەسڵ»، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە، پێشکەش بە کۆمیتەی حیزبی شیوعی لە کۆیە کرا.

# یازدەهەمین دەورەی سیاسی ئاستی دوو بەشی یەکەمی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە کۆتایی پێهات



یازدەهەمین دەورەی سیاسی ئاستی دوو بەشی یەکەم تایبەت بە پێشمەرگەکان لە ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٤٠٠ دەستی پێکرد و لە ڕێکەوتی ٩ی پووشپەڕی ١٤٠٠ کۆتایی پێهات.
بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو و قۆناغبەندیدا دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە یازدەهەمین دەورەی سیاسی بۆ پێشمەرگەکان بەڕێوە برد، لەم دەورەیەدا ئەم وانانە پێشکەش بە بەشداربووان کرا: «ڕێنووسی کوردی . شیکردنەوەی بەرنامە و پەیڕەوی حیزبی دێموکرات . مێژووی حیزبی دێموکرات . فێدرالیزم . دێموکراسی . ڕیتۆریک . ئامانجی دوارۆژی حیزب . پرسی بەرابەری ژن و پیاو . ساختار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی . کاری ڕێکخراوەیی بە کۆمەڵ . سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکرات . ئەمنییەت . تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی» کە بەشێک لەم وانانە بەشێوەی سێمینار و بەشێکی دیکەیان لەم وانانە تاقیکارییان بۆ ئەنجام دراوە.
لەم دەورەیەدا ئەم بەشداربووانە پلەکانی یەکەم تا سێهەمیان بەدەست هێنا:
سیمین ڕووحانیزادە پلەی یەکەم
سەعید زارعی/ پلەی یەکەم
مانشت حەیدەری / پلەی دووهەم
ئەمیر پەیامەنی/ پلەی سێهەم
پرسی پەروەردە و بارهێنان و ئامادەیی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هەموو بوارەکاندا یەکێک لە بەرنامە و پلانەکانی حیزبی دێموکراتە. لە دوای کۆنگرەی ١٦ی حیزب جەختێکی زۆرتر لەسەر کاری پەروەردەیی کراوەتەوە و دەورەکانی ئاستی دوو بەشی یەکەم بە شێوەی بەرنامەیەکی تۆکمە و داڕێژراو بەڕێوە دەچن و قۆناغ بە قۆناغ هەم ئاستی دەورەکان گۆڕانی بەسەردا دێ و هەم پێشمەرگەکان ئاست بە ئاست دەورە سیاسییەکان تێدەپەڕێنن.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕێوڕەسمی پێدانی بڕوانامەی ئیفتخاریی دوکتۆرا بە «عومەر شێخموس» لە زانکۆی کۆیە کرد

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە، ڕێکەوتی ٦ی پووشپەڕ، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە ڕێوڕەسمی پێدانی بڕوانامەی دوکتورای ئیفتخاری لە بواری «پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان» بە «عومەر شێخموس» بەشدارییان کرد. لە ڕێوڕەسمەکەدا کە بەرپرسانی حیزبی و حکوومی لە هەرێمی کوردستان بەشدار بوون لە چەندین بڕگەی جیاوازدا هۆکارەکانی پێدانی بڕوانامەکە شی کرایەوە و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی «عومەر شێخموس» گیرا. لە ڕێوڕەسمەکەدا چەپکەگوڵی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن «محەممەدنەزیف قادریی»ـەوە پێشکەش بە «عومەر شێخموس» کرا.



«عومەر شێخموس» خەڵکی شاری «عامودا»ی کوردستانی ڕۆژاوایە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە و بە ئەزموونی زیاتر لە ٥٠ ساڵ خەبات و وەرگرتنی چەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتی، یەکێک لە دۆستە لەمێژینەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

# سەرکۆماری «ئۆتریش» وڵامی حیزبی دێموکراتی دایەوە



«هیوا بەهرامی» بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لە نامەیەکدا بۆ «ئالێکساندەر ڤان دێر بێلێن» سەرکۆماری وڵاتی «ئۆتریش» ڕەخنەی لە نامەی پیرۆزبایی ناوبراو بۆ ئیبراهیم ڕەئیسی گرت کە دواتر لەلایەن سەرکۆماری ئۆتریشەوە وڵام درایەوە.

«بەهرامی» لە نامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، سەرکۆماری «ئۆتریش» کە پێشتر وەک سەرۆکی «پارتی سەوز»ی ئەو وڵاتە چەندین جار لەگەڵ نوێنەرانی حیزب کۆ بووەتەوە و بە باشی ئاگاداری دۆخی سیاسی و مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەت هەیە، چاوەڕوانیی لێ نەدەکرا پیرۆزبایی لە کەسێک بکات کە وێڕای ئەوەیکە دەستی لە لەسێدارەدانی هەزاران جیابیر و چالاکی سیاسی لە ئێراندا هەبووە، لە هەمانکاتدا لە بەناو هەڵبژاردنێکی تەم و مژاویدا کراوە بە سەرکۆمار کە کەمتر لە یەک لە سەر سێی خەڵکی ئێران بەشدارییان تێدا کردووە. بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لە درێژەی نامەیەکەیدا نووسیویەتی؛ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ٣٢ ساڵ بە سەر تێرۆری دوکتور «قاسملوو» و هاوڕێیانی لە ڤییەن تێپەڕ دەبێت کە ساڵی ١٩٨٩ بە دەستی نێردراوانی ڕێژیمی ئێران تێرۆر کران. بەداخەوە ئەو دەمیش دەوڵەتی «ئۆتریش» پشتی لە هەموو بەها مرۆڤی دادپەروەرییەکان کرد و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی خۆی تێرۆریستەکانی بەڕێ کردەوە بو ئێران.

لە کۆتایی نامەکەی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب بو سەرکۆماری «ئۆتریش»، ئاماژە بەوە کراوە کە هەڵبژاردنی ڕابردوو لە ئێراندا نیشانی دا کە ڕێژیم چیدی لای خەڵک مەشرووعیەتی نەماوە و لەم کاتە دژوارەدا کە نەتەوەکانی ئێران هەوڵی ڕزگاربوون لەو ڕێژیمە دەدەن، ئەرکی وڵاتانی دێموکراتیک و ئازادە لە پەنا ئازادیخوازانی ئێراندا بن و چیدی نەبنە هۆکاری مانەوەی ڕێژیم لە دەسەڵاتدا.

سەرکۆماری «ئۆتریش» لە وڵامدا وێڕای سپاس بو ئەو زانیاریانەی لە نامەی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبدا باسیان لێ کراوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە بەڕێزیان بە وردی و لەمێژ ساڵە ئاگاداری دۆخی سیاسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا هەن و لە هەموو ئەو دەرفەتانەی بۆی هەڵکەوتوون بۆچوونی خوی بە لایەنی ئێرانی ڕاگەیاندووە. بەڵام بو ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیان بە ڕێژیمی ئێران بگەیەنین، پێویستە پێوەندیان لەگەڵ ڕێژیم هەبێت. سەرکۆماری «ئۆتریش» بە ئاماژەدان بە وتووێژەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ لە ڤییەن نووسیویەتی؛ بو ئێمە زۆر گرینگە کە پێش بە بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی بگیردرێت بو ئەوەی سەقامگیریی ناوچەکە تێک نەچێت. ئەمەش لە ئێستادا لە کاناڵی وتووێژ و دیپلۆماسیدا ئیمکانی هەیە. بۆیەش پچڕاندنی پێوەندییەکان لە ئێستادا ئاکامی نەرێنیان دەبێت.

سەرکۆماری «ئۆتریش» لە کۆتایی نامەکەیدا نووسیویەتی: تەنانەت لەو نامەیەی پیرۆزبایی کە بۆ سەرکۆماری نوێی ئێرانم ناردووە، نیگەرانیی خۆم لە دۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا بە ڕوونی باس کردووە.

# کەرتی تەندروستی لە کۆیە لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕێزیان لێ گیرا

لە سەنتەری گەنجانی شاری کۆیە بە پشتیوانیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان (PUK)»، هاوئاهەنگیی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی کۆیە و بە بەشداری شاندێکی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزب و کادری دەرمانی نەخۆشخانەی ئازادیی حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزلێنان لە کادری دەرمانی و ئەو کەسانەی کە لە ماوەی نەخۆشیی کۆرۆنادا خۆبەخشانە لە خزمەت ناوەندە دەرمانییەکاندا بوون بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە چەند ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن مامۆستا «کاوە تەییب» لێپرسراوی ناوەندی شاری کۆیە بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا. دواتر «ئەبووزەید سالح» لێپرسراوی مەڵبەندی ١٤ی شاری کۆیە سپاس و پێزانینی خۆی پێکشەش بە ئامادەبوان و ئەو پزشکەگیان لەسەردەستانەی کرد کە شەو و ڕۆژ لە خزمەتکردن بە هاووڵاتییان دریغییان نەکرد و دژی نەخۆشیی کۆرۆنا بە هەر شێوەیەک هەوڵیان دا.



پاشان «فامی بورهان «لێپرسراوی بۆردی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان ئاماژەی بەوە کرد کە کادری دەرمانی و پزشکی پێشمەرگەئاسا هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەدا بوونە بۆ بەرگری لە خاکی پاکی نیشتمان. ناوبراو هەروەها سپاسی کادرە دەرمانییەکانی شاری کۆیە و کادری دەرمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە هەمیشە یارمەتیدەری هەرێمی کوردستان بوونە هەر لە سەرەتای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ شەڕی تێرۆریستانی داعش تاکوو پەتای دژە مرۆیی کۆرۆنا. هەروەها دوکتور «شێروان جەلال «بەرپرسی سەندیکای کارمەندانی پزشکیی کۆیە و جێگری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی کۆیە بە نۆرەی خۆیان سپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی سەرجەم کادرە دەرمانییەکان و زیاتر لە ٢٠٠ کەس خۆبەخشی شاری کۆیە لەوانە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە لەو ماوەیەدا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا توانیویانە باشترین سەرکەوتن بۆ شاری کۆیە بەدەست بهێنن. ناوبراو باسی لەوە کرد لە پێوەندی لەگەڵ بەرەنگاربوونەوە دژی نەخۆشیی کۆرۆنادا و شاری کۆیە بەنیسبەت شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمترین ڕێژەی تووشبون و مردنی هەبووە. لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بە سەر سەرجەم بەرپرسی ناوەندە دەرمانییەکاندا دابەش کرا. لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ نەخۆشخانەی حیزب درا بە بەڕێز «فازڵ ڕەزایی» بەرپرسی نەخۆشخانەی ئازادیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لە دابەشکردنی خەڵاتی ڕێزگرتندا لەلایەن شاندی حیزبەوە « ناسر ساڵحیی ئەسڵ » خەڵاتی بەسەر چەند بنکەیەکی شاری «کۆیە»دا دابەش کرد.

# چالاکی تەبلیغی



### لە «بۆکان» سەردانی گڵکۆی شەهیدان کرا

بە مەبەستی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شار سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد.

ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕ دەستەیەک لە پێـــــشمەرگەکانی شاری «بۆکان» بەبۆنەی ١٠ی پووشپەڕ ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوو کادری تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ســــــەردانی گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان «ئەبووبەکر کانێ ڕەشی» و «جەلیلی ڕەحیمی»ان کرد.

هاوکات لەنێو شاری بۆکان منداڵانی چاوگەش لە «بۆکان» ئاگریان لە شەقامەکانی ئەو شارەداهەڵ کردووە و دروشمی سەرکەوێ ڕاسان دەڵێنەوە .

### پەیمان نوێکردنەوە

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕ کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کورد، تورک و فارس بە مەبەستی یەکگرتوویی و هاوخەباتی دژی ڕێژیمی ئێران سەردانی شوێنی شەهیدکرانی شەهیدان «سمکۆ مەحمەڵ و سۆهراب خەدیریی‌پوور»یان کرد.

خوێندکارانی کورد لەو سەردانەدا بۆ شوێنی حەماسەی شـــەهیدان «سمکۆ و سۆهراب» باسیان لە چۆنییەتی شەهیدکران و خۆڕاگریی ئەو دوو پێشمەرگەیەی کوردستان کردووە کە چۆن لە شەڕ دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران شەهید کراون.

خوێندکارانی تورک و فارس وێڕای هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان «سمکۆ و سۆهراب» ڕێزیان لە خەباتی ئەو دوو پێشمەرگەیەی کوردستان گرتووە کە گیانی خۆیان بۆ ئازادی بەخت کردووە.

ڕێکەوتی ٣٠ی بانەمەڕ، چەکدارە دژیگەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سێڕێیانی «بورهان» لەنێوان ئاواییەکانی «بەردەمێش، زگدڕاو و قەرەبلاغ» بۆسە دادەنێنەوە و تەقە لە تیمێکی پێـــــشمەرگەکان دەکەن؛ لە ئاکامی تێکهەڵچوونەکەدا پێشمەرگەی شاخ «ئەنوەر نەسیریی چیانە» ناسراو بە «سمکۆ مەحمەڵ» و پێشمەرگەی شار «سوهراب خەدیریپوور»

ناسراو بە «شاخەوان» خەڵکی شاری مەهاباد شەهید بوون.

### لە شەڕگەی شەهیدان «سمکۆ مەحمەڵ و سۆهراب خەدیریی پوور» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان بە مەبەستی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان لە شەڕگەی شەهیدان «سمکۆ مەحمەڵ و سۆهراب خەدیریی پوور» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕێکەوتی ٢٩ی جۆزەردان، پێـــــشمەرگەکانی شار لە ناوچەی بۆکان بە مەبەستی یادکردنەوە لە شــــــەهیدان و ڕێزگرتن لە خەباتی هاوشانی پێشمەرگەکانی شار و شاخ لەسەر جادەی بۆکان .

مەهاباد ناسراو بە جادەی بورهان، لە شەڕگەی شەهیدان «سمکۆ مەحمەڵ و سۆهراب خەدیریی پوور»، تاجەگوڵینەی وەفا و بەڵێنیان دانا.

لاوانی تێکۆشەر بە دروشمی شەهید «سۆهراب و سمکۆ دڵنیا بن شەڕگەتان دەکەینە تاقی سەرکەوتن»؛ بەڵێنییان لەگەڵ ڕێبازیان دوویات کردەوە.

### چالاکی لە پیرانشار

یەکیەتیی لاوان لە گوندەکانی «گەرگوول و لاجان»ـی سەر بە شاری پیرانشار بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێـــــموکرات و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەو چالاکییانە بە کێشانەوەی وێنەی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشمی وەک «بژی دێموکرات، شــــــەهید ئەیووب و شەهید هادی ڕێگاتان درێژەی هەیە، ڕاسان بەردەوامە، جاشەکان بە سزای خۆیان دەگەن، پێشمەرگەکانی شار پشتیوانی پێشمەرگەکانی شاخن» بەڕێوە چووە.

### لە ساڵیادی حەماسەی کۆساڵاندا لە نییەر ئاڵای کوردستان هەڵ درا

بەبۆنەی یادی شەهیدانی حەماسەی کۆساڵان لە گوندی نییەر ئاڵای کوردستان لەلایەن ئەندامانی حیزبەوە هەڵ درا.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نییەر، لە ساڵیادی حەماسەی کۆساڵان و شەهیدانی بەرزناوی ئەو حەماسەیە، لەسەر بەرزاییەکانی ئەو گوندە ئاڵای کوردستانیان هەڵدا.

ئەندامانی حیزب لەو یادکردنەوەیەدا لە بڵندگۆی مزگەوتەکانی گوندەوە ســــــروودی «ئەی ڕەقیب»یان بڵاو کردووەتەوە.

پایـــــەگای ڕێژیم لەو گوندە هەتا کاتی تەواوبوونی ســـــروودەکە ڕاوەستاون و پاشان ڕوویان کردووەتە شوێنی چالاکییەکان.

ئەو چەشـــــنە چالاکییانە کە هەموو ساڵێک و بە شێوەی بەردەوام ئەنجام دەدرێت وەفایەکە بۆ یاد و ناوی شـــــەهیدانی ســــورخەڵاتی خەباتی نەتەوایەتیی حیزبی دێموکرات.

## درێژەی پەیڤ

تاکوو وەکوو ڕەوت.

بەڵام ڕاسانی ڕۆژهەڵات ئەو نـــــموونانەی لە نێو ریزی خەباتدا کردووە بە ڕەوت و یەکێك لە گرنگترین کۆڵەکەکانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە ئەوەیە کە بۆتە بازدانێکی گەورە و مێژوویی بۆ ژنان و کچانی کورد

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەی بەشداریی کچان لە شـــــۆڕشدا زۆرتر و زۆرتر بووە. چ لە هەنگاوە بوێرانەکانی شاردا کە ژنان ڕیزەکانی پێـــــشەوەیان تەنیوە و چ لە ڕیزی شۆڕش لە شاخدا، ئیدی ئەوە ژنانن کە ئاڵا بەدەستەوە دەگرن.

لە هەنگاوێکی مێژووییدا، ژنان وکچانی کورد، دەورەی ٢٥٠ی پێشمەرگایەتی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان تەرخان کرد بۆ خۆیان و تەواوی بەشدارانی دەورە لە کچان و ژنانی کوردستانی بوون.

ئەمە ئەو هەلی شۆڕشە مەزنەیە کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات بۆ ژنانی ڕەخساندووە و ئەوان بە کردەوە یەکسانییان لەگەڵ پیاوان دەسەلمێنن و پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە ماف دەســـــتێندرێ، نابەخشرێ.

ڕاسانتان پیرۆز ژنانی هیوا و خولیا و شۆڕش.

# دوکتور قاسملوو
# تێکۆشەری شێلگیری ڕێگای دابینکردنی دێموکراسی



**ئیبراهیم لاجانی**

سیستمی دەوڵەتی ڕەفاه، واتە ئەو لیبراڵ دێموکراسییەی کە لە ئورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکور و ژاپۆندا هەیە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەموو سیستمە سیاسی و ئابوورییەکانی دیکەی دنیا، مۆدێلیکی سەرکەوتووترە.
ئێستا با بزانین ئەو سەرکەوتنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟
لیبراڵ دێموکراسی بالانسێکی مەعقول لە نێوان ئەو پڕەنسیپە بنەڕەتییانەدا پێک دێنێ کە لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان و لە هەمان کاتیشدا هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، یەک لە یەکی پێویستترن.
ئەو پڕەنسیپە بنەڕەتییانە بریتین لە بەشداری ئازادانە و دێموکراتیکی خەڵک لە پڕۆسەی سیاسیدا، کارابوونی بازاڕ، هەروەها دابین و دەستەبەرکردنی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەسەکان و دەستە و تاقم و گروپە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا.
ئەزموونی ئەو چەند دەیەی دوایی لە زۆر شوێنی دنیادا نیشانی داوە، کە دێموکراسی و گەشەسەندنی ئابووری، ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ بردنەپێشی مافەکانی مرۆڤ و پێبەندیی دەوڵەت بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەدا نەڕۆنەپێش، نەک هەر تا ڕادەیەکی زۆر ئەکتیڤبوونی خۆیان لە دەست دەدەن، بەڵکوو لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەی گەورەش بەرەوڕوو دەبن.

چەرخی بیستەم ئەو دەرسانەی فێرکردووین کە دێموکراسی هەمیشە لە حکومەتێکی دیکتاتۆری باشترە. لیبراڵ دێموکراسیش هەمیشە لە دێموکراسییەک کە لە سەر بناخەی هەڵبژاردنێکی میکانیکی و کێبەرکێی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی دامەزرابێ، باشترە. لەوەش زیاتر ئێکۆنۆمییەک کە لەسەر بناخەی بازاڕی ئازاد دامەزرابێ، لەو ئێکۆنۆمییانەی کە بەپێی بەرنامەیەکی لەپێشداداڕێژراو دەڕۆنەپێش، سەرکەوتووترە. هەروەها دەوڵەتی ڕەفاه باشتر و سەرکەوتووترە لە ئێکۆنۆمییەک کە تەنیا بەپێی پڕەنسیپەکانی بازاڕی ئازاد هەڵدەسووڕێ.
لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە سیستمەکە بتوانێ زۆرترین بەختەوەری و خێروخۆشی و ڕەفاه بۆ ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە خەڵك دەستەبەر بکات. بە واتایەکی دیکە ئەو سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووە کە بتوانێ ئازادی و کامەرانی و بەختەوەری و ڕەفاه بۆ هەمووان دابین بکات. ئەوەش وەختێک ئیمکانی هەیە کە دەوڵەت بتوانێ هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا بەڕەسمی ناسراون، دەستەبەر بکات.
ئەوە ڕوونە کە لیبراڵ دێموکراسییەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە بە دەوڵەتی ڕەفاه ناسراون، نەیانتوانیوە بە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەر بکەن کە لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا هاتوون. بەو حاڵەش لە نێو هەموو دەوڵەت و حکومەتەکانی دیکەی دونیادا، ئەوە تەنیا ئەو دەوڵەتانەن کە بردنەپێش و پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادییانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و هەوڵ دەدەن لە سیاسەت و بەرنامەکانیاندا گرنگیی و بایەخیان پێبدەن.

**کاتێک شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو مەسەلەی سوسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە نێو تەشکیلاتی حیزب، پاش پەسندکرانی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب، چوومە خزمەتی و پێم گوت ئێستا کە سوسیالیزمی دێموکراتیکمان لە کۆنگرەدا پەسند کردووە، واباشە تێئۆریزەشی بکەین بۆ ئەوەی ئێمە کادرەکانی حیزب بتوانین باشتر بیبەینە نێو خەڵک. لە بیرم دێ پێی گوتم تێئۆریزەکردنی ناوێ! مەسەلەکە زۆر سادەیە. عەداڵەتت دەوێ یان نا؟ ئازادیت دەوێ یان نا؟ سوسالیزمی دێموکراتیک تێکەڵاوێکە لەو دووانە. سیستمێکە کە بتوانێ هەردووکی ئەو دوو ئامانجانە وەدی بێنێ**

تەنیا لە لیبراڵ دێموکراسییەکاندایە کە بازاڕی ئازاد و دێموکراسی بە پڕەنسیپە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە و هەوسارکراون؛ واتە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بوونەتە چوارچێوە بۆ دێموکراسی و ئێکۆنۆمی بازاڕی ئازاد. هەر ئەوەشە کە ئەو سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لە چاو ئەوانی دیکە بەنرختر و سەرکەوتووتر کردووە.
ئاخر دێموکراسی ئیدی تەنیا هەر بریتی نییە لە هەندێک پڕەنسیپ و ڕێساویاسای تایبەت بە قانوونی ئەساسی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی.
دێموکراسی لە پێناسەیەکی هاوچەرخدا، بریتییە لەو سیستمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، کە بە باشترین شێوە تێدەکۆشێ عیززەت و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێ و هەلومەرجی گەشەسەندنی شەخسیەتی ئینسانی مرۆڤەکان، بخولقێنێ.
ئەگەر لە بیۆلۆژی و فیزیک و شیمیدا، ئامانجی تەکامول و هەڵدان بریتییە لە تەکاموکی زۆرتر، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، ئامانجی دێموکراسی بریتییە لە دێموکراسییەکی هەرچی زۆرتر، قوڵتر و بەرینتر و دەوڵەمەندتر؛ واتە سیستمێک کە ئازادی لە ترس و ئازادی لە نەبوونی وئیحتیاج، بۆ هەموو ئینسانەکان دەستەبەر دەکات. بە دیوێکی تریدا ئازادی دەداتە تاکەکانی نێو کۆمەڵ و بەوجۆرە دوکتور قاسملوو وتەنی شەخسییەت بە ئینسانەکان دەدات.
بۆیە دەتوانین بڵێین کە لیبراڵ دێموکراسی ئەو سیستمەیە کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزێ و دەستەبەریان دەکات.
سیستمێک کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دابین بکات، ئەوە ئەو سیستمەیە کە ئینسانەکان بەهێز دەکات و کەسایەتی و شەخسییەتیان پێدەبەخشێ و بەوجۆرە باشترین میکانیزم و هەلومەرجیان بۆ پێکدێنێ تا بتوانن ئازادانە و بەشێوەیەکی وشیار و کاریگەر، بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن. ئەوە لەباری سیاسییەوە.

هەر ئەو سیستمە زۆر بەجیدیش تێدەکۆشێ پەرەسەندنی ئابووری دەستەبەر بکات و دەرفەت و شانسی وەک یەک بۆ کەڵکوەرگرتن لە دەسکەوتەکانی پەرەسەندنی ئابووری بۆ هاووڵاتیان پێک بێنێ بەڵام ئەو دەستەوتاقم و کەس و گرووپانەی کە بە هۆکاری جۆراوجۆری مەوزوعی و مەحکەمەپەسند، ناتوانن لەگەڵ ئەوانی دیکە لە بازاردا کێبەڕکێ بکەن و لەو دەرفەت و شانسانە کەڵک وەرگرن کە لەئارادان، ئەوە کۆمەڵ بەرپرسایەتی دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و خێروخۆشی بۆ ئەوان وەئەستۆی خۆی دەگرێ.
بەوجۆرە لەو سیستمەدا ئینسانەکان لەلایەک ئازادن لە سەرکوت و زەبروزەنگ و هەڵاواردن و ئیستبداد و سەرەڕۆیی سیاسی و لەلایەکی دیکەشەوە ئازادن لە ئیحتیاج و نەبوونی و فەقر و دەستەنگی.
کاتێک شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو مەسەلەی سوسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە نێو تەشکیلاتی حیزب، پاش پەسندکرانی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب، چوومە خزمەتی و پێم گوت ئێستا کە سوسیالیزمی دێموکراتیکمان لە کۆنگرەدا پەسند کردووە، واباشە تێئۆریزەشی بکەین بۆ ئەوەی ئێمە کادرەکانی حیزب بتوانین باشتر بیبەینە نێو خەڵک. لە بیرم دێ پێی گوتم تێئۆریزەکردنی ناوێ! مەسەلەکە زۆر سادەیە. عەداڵەتت دەوێ یان نا؟ ئازادیت دەوێ یان نا؟ سوسالیزمی دێموکراتیک تێکەڵاوێکە لەو دووانە.
سیستمێکە کە بتوانێ هەردووکی ئەو دوو ئامانجانە وەدی بێنێ.
لە سەرتاسەری مێژوودا ئازادی و عەداڵەت ئەو دوو ئامانجە گەورەن کە هەمیشە ئینسان لە پێناویاندا خەباتی کردووە. بە سەدان هەزار تێکۆشەر و بگرە بە میلیۆنان کەس لە پێناوی ئازادی و عەداڵەتدا، گیانی خۆیان بەخت کردووە. ئیدی ئەمڕۆ ئازادی و عەداڵەت تەنیا هەر وەک ئامانج بە حیساب نایەن، بەڵکوو ئامرازی دابینکردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەتن بۆ ئینسانەکان و کۆمەڵگا ئینسانییەکان.
لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەت و ئازاد لە ترس و ئازاد لە فەقر لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا پێناسە دەکەن بۆیە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ باشترین زمانی سیاسی و خەباتگێڕانەی هاوبەشمان دەدەنێ بۆ تێکۆشان لە پێناو ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا.
لە بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، کە هەموو گەلان و هەموو ئینسانەکان مافی ئەوەیان هەیە کە چ لە ئاستی میللی و نیشتمانیدا و چ لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، تێبکۆشن سیستمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ دامەزرێنن، کە لەوێدا هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لەو بەیاننامەدا هاتوون، پیادەکرابن؛ بۆیە خەبات لە پێناوی دێموکراسیدا ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستانە.
لە سیستمێکی دێموکراتیکدا کورد هەم ستەم و سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و میللی لەسەر لادەچێ و هەم دەرفەتی لەباریشی بۆ پێکدێ تا بەکەڵکوەرگرتنی ئازادانە لە سامانە سروشتی و ئینسانییەکانی کوردستان و ناوچە، ڕێگای پەرەسەندنی ئابووری خۆی بدۆزێتەوە و بەوجۆرە کوردستان ببێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە و بازاڕێکی بەرین بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵاو هێزی کار و خیروبێرەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری و تکنۆلۆژی بۆیە خەبات لە پێناوی دێموکراسیدا پێویستە سەرلەوحەی کارو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی خەباتگێڕانی کوردستان بێت.

**لە سیستمێکی دێموکراتیکدا کورد هەم ستەم و سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و میللی لەسەر لادەچێ و هەم دەرفەتی لەباریشی بۆ پێکدێ تا بەکەڵکوەرگرتنی ئازادانە لە سامانە سروشتی و ئینسانییەکانی کوردستان و ناوچە، ڕێگای پەرەسەندنی ئابووری خۆی بدۆزێتەوە و بەوجۆرە کوردستان ببێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە و بازاڕێکی بەرین بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵاو هێزی کار و خیروبێرەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری و تکنۆلۆژی بۆیە خەبات لە پێناوی دێموکراسیدا پێویستە سەرلەوحەی کارو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی خەباتگێڕانی کوردستان بێت**

# هزری قاسملوو
# لە ڕێبازی نەسڵی نوێی نیشتماندا خۆ دەنوێنێت



زاگرۆسی کوردان

ڕێبەر و ئینسانە هەڵکەوتەکان ئەو بەرزەمرۆڤانەن کە ئاسۆ و ئامانج دەخولقێنن، هیوا و خولیا بۆ نێو دەمارەکانی جڤاک دەگەڕێننەوە و ئاراستەی مێژوو دەگۆڕن. ئەم مرۆڤانە بەپێی توانا و تایبەتمەندییەکانیان توانیویانە ڕەوتی مێژوو بگۆڕن و لە نێو گێژاوی سەختی کارەسات و پێشهاتەکاندا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو دوورگەی دڵخواز پەلکێش بکەن و کرداری لەو چەشنە لە ناخی خۆیاندا ڕەمزی پێشکەوتنی مێژووە.

لە سەردەمی ئێستادا کە قۆناغی نەمانی کاریزماکانە بە ڕوانینێکی نەک فرە قوڵیش! دەتوانین بێژین دژوارترین سەردەمە بۆ ڕێکخستن و هاندانی کۆمەڵگە بەرەو ئامانجێکی گشتگیر و بۆ شۆڕشێکی هەمەلایەنە. ئەگەر بە چاوێکی وردبینانەتر سەیری تایبەتمەندییەکان و بارودۆخی ئێستەی دونیا بکەین دەبینین ئەوەی کە لەئێستادا لە هەموو کات زیاتر دەتوانێ کۆمەڵگەیەک بەرەو ئامانجی دیاریکراو ڕابکێشێ ئەندێشە و گوتاری بەپێز و داڕێژراو لەسەر ئەساسی واقعی کۆمەڵگە و لە هەمان کاتدا ڕاستگۆیی و خاکەڕایی و خەڵکیبوونی بەڕیوەبەرانیەتی کە دەتوانێ زۆربەی تاکەکانی جڤاک لە دەور یەک و لە پێناو ڕزگاریدا کۆ کاتەوە. بەدڵنیاییەوە بۆ کۆمەڵگە و نەتەوەیەکیش وەک نەتەوەی کۆلۆنیکراوی کورد ئەم پێویستییە بەنیسبەت شوێنەکانی دیکەوە بە چەند قات زیاتر هەست پێدەکرێت.

نەسڵی نوێی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی پەراوێزخراو، ماف زەوتکراو و خاک داگیرکراو لە سەردەمی گۆڕان یاخود نەمانی بەها و ئەرزشەکاندا و لە سەردەمی شکاندن و لەت لەت بوونی باوەڕ و هێما گەورەکاندا بەدەست قەیرانگەلێکی زۆرەوە وەک بێهیوایی، نەبوونی باوەڕبەخۆیی و پاشکۆبوون، سەرلێشێواوی و شەڕی خۆخۆری و چاوەڕوانی بۆ گۆڕان دەناڵێنێت.

لەوەها دۆخێکدایە کە دوکتور قاسملوو لە گشتییەتی خۆیدا هەم وەکوو هەیکەلێکی کاریزماتیک و هەمیش وەکوو قوتابخانەیەکی بەهێزی فکری بەردەوام لە زەینی نەسڵی نوێی کورددا دەدرەوشێتەوە. قاسملوو ئەو مامۆستایە کە لە سەردەمی بێهیوایی کۆمەڵگەدا ئاسۆ و خولیایەکی ڕوون پێشکەش بە هەمووان دەکات؛ لە سەردەمێکدا کە ڕۆژانە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی خۆیدا ڕووبەڕووی دڕندەترین و زەقترین جۆری مادە سڕکەرەکان و خۆکوژی و دەیان نەخۆشی دیکەی کۆمەڵایەتی دەبێت، وانەکانی قاسملووە کە شێلگیرانە بانگەشە بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە دەکەن و دەڵێن و دەڵێتەوە: بەدەستهێنانی خودموختاری بێ لەنێوبردنی هەژاری و کوێرەوەری، دەبێتە داخوازێکی بێ نێوەڕۆک.

قاسملوو وەکوو سیمایەکی تەواو مۆدێرن هەنووکە لەگەڵ قەیرانی نابەرپرسیارەتی ژمارەیەکی زۆر لە ئاکادمیسییەنەکان بەرەوڕووە و پیشانی داوە کە لە دانی دروشمی بێ‌نێوەڕۆک بێزارە. قاسملوو وەکوو ئاکادێمیسییەنێکی لێزان و پسپۆڕ بەرانبەر هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بە بیانووی بێلایەنی زانست لە هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی جڤاک دوور دەگرن ڕادەوەستێت و دەبێتە سیمایەکی هاندەر بۆ دەردەکەوێ. ئەوە هێمای بەرزی قاسملووە کە لە سەردەمێکدا کە نەتەوەکەی و بزووتنەوەکەی بە نیسبەت گەلانی دەوروبەر خاوەن هیچ پێگە و هێزێکی ئەوتۆ نییە نابێتە پاشکۆی هیچ زلهێز و لایەنێک و لە دژوارترین کاتەکاندا دیسانەوە سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ وەک لە سیمای دێموکراتدا دەبێژێت: دێموکرات لە هەموو بەستراوەییەک

**قاسملوو جیا لە زانست و گەیشتن بە بەرزترین پلەکانی خوێندن، سنوورێکی دیکەش دەبڕێت ئەویش خۆفیداکردن و خۆتەرخانکردنە لەپێناو داخوازی ڕەوای نەتەوەکەیدا و لەڕاستیدا قوربانی کردنی قازانجی تاکەکەسی لەهەمبەر قازانجی گشتی و نەتەوەییدا ئەو تایبەتمەندییەیە کە نەسڵی نوێ لە ڕێبەرانیان دەوێت و لە قاسملوودا وێنایان کردووە**

شۆڤینیزم دەبێتەوە و لەم چوارچێوەدا دەبێتە قوربانی، ئەوە بیر و هزری قاسملووە کە قوتابخانەی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی هەرچی زیاتر دەوڵەمەند و تەیار بە ئەندێشەی سەردەم دەکات و وانەی نەسرەوتن تا سەرکەوتن بە و سەردەمیانە نیشان دەدات کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن پێویستە بە زانستی سەردەم و جیهانی پێشکەوتوو لە بەرزترین ئاستدا ئاشنا ببین. ئەمە ڕاست داخوازی نەسڵێکە کە لەگەڵ سەردەمی شۆڕشی زانیارییەکان هەموو خوێندکار و ئاکادێمیسییەنێک تاکوو زانست و توانای خۆیان لە خزمەت نەتەوەدا دابنێن و لە بازنەی ژیانی تاکەکەسی بێنە دەر و کرداری شۆڕشگێڕانە بکەنە ڕێنوێنی ئاکاریان و لە جیاتی چاوەڕوانی خۆیان چارەسەری بێزارە لە کرداریشدا هەر ئەو ڕێبازە دەپێوێ. ئەمە ڕاست ئەو داخوازییەیە کە نەوەی ئێستای نەتەوەکەمان پاش سی و دوو ساڵ لە شەهید بوونی ڕێبەرەکەی عەوداڵیەتی .

دوکتور قاسملوو لە ماوەی ژیانی

**قاسملوو ئەو بیرمەندەیە کە توانیویەتی بە بیروباوەڕ و ماندووبوونەکانی پڕشکۆترین سەردەم و بیرەوەرییەکان لە زەینی کۆی خەڵکی کورد و مێژووی کوردستاندا تۆمار بکات، ئەوەش وادەکات قاسملوو وەک سەرباشقە و خوشەویست و ڕێبەرێکی خاوەن جەسارەت لەهەمبەر هەموو دەسدرێژییەک بۆ سەر نەتەوەکەی بناسرێتەوە و نەوەی نوێش بکاتە شەیدای ڕێبازەکەی**

گوێی نەوەی نوێی نیشتماندا دەدات و فێرمان دەکات ماندوویی‌نەناسانە هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوە و هەڵتەکاندنی بیری شۆڤینیستی گەلانی سەردەست بدەین.

لە سەردەمێکدا کە جیهان بەگشتی و ژیاوە بەڵام قاسملوو جیا لە زانست و گەیشتن بە بەرزترین پلەکانی خوێندن، سنوورێکی دیکەش دەبڕێت ئەویش خۆفیداکردن و خۆتەرخانکردنە لەپێناو داخوازی ڕەوای نەتەوەکەیدا و لەڕاستیدا کێشەکانیان بکەن و زنجیرەکانی ژێردەستی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. کاراکتێری قاسملووە کە لە ئاست هەموو مرۆڤە ناسراو و هەڵکەوتەکانی پێشکەوتووترین نەتەوەکان و وڵاتانی خەباتکارانەیدا هەوڵی ئەوە دەدات سنووری کوردایەتی لە چوارچێوەی قەتیس و سەپێندراو لەلایەن داگیرکەرانەوە لە سەردەمی کۆماردا نەهێڵێت و بزوتنەوە بەرەو خوارەوەی زاگرۆس پەلکێش بکات

**لەهەمبەر مەسەلەی ڕزگاری و گەیشتن بە بەختەوەری نەتەوەکەماندا تا هەنووکەش قاسملوو وەک ئەستێرەیەکی ڕێنیشاندەر دەردەکەوێ نەک تەنیا پرسیارەکان بەڵکوو وەڵام و خولیاکان هەر هەمان پرسیار و وەڵام و خولیای قاسملوون بۆیە نەسڵی نوێ لە نەسڵەکانی بەر لە خۆیان زیاتر ئەندێشە و داخوازی و هیواکانی قاسملوو بە هی خۆیان دەزانن**

ئێران و کوردستان بەتایبەتی لەژێر باری قورسی جیاوازی چینایەتیی دەناڵێنێ و نەسڵی نوێ بەهۆی کەلێنی گەورەی چینایەتی و هەژاری و دەسکورتی تووشی خەمۆکی و پەنابردنە بەر قوربانی کردنی قازانجی تاکەکەسی لەهەمبەر قازانجی گشتی و نەتەوەییدا ئەو تایبەتمەندییەیە کە نەسڵی نوێ لە ڕێبەرانیان دەوێت و لە قاسملوودا وێنایان کردووە. نەسڵی نوێی کۆمەڵگای ئێمە دونیا بێ هیچ خۆبەکەمزانینێک بە دەنگێکی ڕەوان و زوڵاڵەوە باسی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەکات و لە هەمان کاتیشدا لەنێو خەڵکی خۆیدا لە هەموو ڕێبەرێکی تر خاکیتر و ئاساییتر و ئەم خواست و خەونە لە کوردستان و کورد و پاشان لە سەردەمی خەباتی پارتیزانیدا لە دامەزرانی هێزی داڵاهۆ بە ڕوونی خۆی دەردەخات و کاتێک کەریم خانی زەند وەک پاشایەکی نەتەوەیی خۆی دەناسێنێت بە ڕوونی خەونی مەزنی خۆی بۆ داوڕۆژی نەتەوەکەی و سنوورەکانی ئاخەکەی دیاری دەکات بۆیە دەبینین ئێستاکە نەوەی پێگەیشتووی نەتەوەکەمان لە سێوەری خوێنی قاسملوو و هەزاران شەهیدی سوورخەڵاتی دیکەی نەتەوەکەمان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە داخوازی ڕزگاربوون لە کۆلۆنالیستی نەتەوەی باڵادەست ئەگەر لە خوارەوەی زاگرۆس زیاتر لە ناوچەکانی دیکە نەبێت کەمتریش نییە.

قاسملوو ئەو بیرمەندەیە کە توانیویەتی بە بیروباوەڕ و ماندووبوونەکانی پڕشکۆترین سەردەم و بیرەوەرییەکان لە زەینی کۆی خەڵکی کورد و مێژووی کوردستاندا تۆمار بکات، ئەوەش وادەکات قاسملوو وەک سەرباشقە و خوشەویست و ڕێبەرێکی خاوەن جەسارەت لەهەمبەر هەموو دەسدرێژییەک بۆ سەر نەتەوەکەی بناسرێتەوە و نەوەی نوێش بکاتە شەیدای ڕێبازەکەی.

ئەمانە هەندێ بوون لە تایبەتمەندی و داخوازییەکانی قاسملووی مەزن کە دەتوانین بێژین هەنووکە زیاتر لە جاران لە هزر و بیری نەسڵی نوێی کوردستاندا ڕەنگیان داوەتەوە. قاسملوو لە پێناو خەونەکانی نەسڵی خۆی و بەر لە خۆی و دوای خۆی گیانی پێشکەش بە بارگای ئازادی کرد بۆیە لە ئاوات و ئامانجەکانی نەوەکانی پاش خۆیدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

لە خوێندنەوەی مێژووی فەلسەفەدا بابەتێک هەیە کە دەڵێت تا هەنووکەش پرسیارە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە هەمان پرسیارەکانی فەیلەسووفانی یونانی کەونارایە تەنیا وەڵامەکان گۆڕدراون؛ بەڵام بە نیسبەت پرسی کورد ئەمە کەتوارێکی تاڵ یاخود شیرینە کە لەهەمبەر مەسەلەی ڕزگاری و گەیشتن بە بەختەوەری نەتەوەکەماندا تا هەنووکەش قاسملوو وەک ئەستێرەیەکی ڕێنیشاندەر دەردەکەوێ نەک تەنیا پرسیارەکان بەڵکوو وەڵام و خولیاکان هەر هەمان پرسیار و وەڵام و خولیای قاسملوون بۆیە نەسڵی نوێ لە نەسڵەکانی بەر لە خۆیان زیاتر ئەندێشە و داخوازی و هیواکانی قاسملوو بە هی خۆیان دەزانن.

# ڕاسانی ڕۆژهەڵات، هیلاک نەبوون و بەردەوام بوونە لە خەبات



جاقل

ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندی بۆ دورخستنەوەی خەڵکی کوردستان لە ڕێبازی شەهیدان و داواکارییە نەتەوایەتییەکانیان لە میتۆدگەلی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگرتووە و کەڵک وەردەگرێ.

ئەو ڕێژیمە بە پشت بەستن بە ئەزمونە کۆن و تاقیکراوەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی پێش خۆی و کەڵکوەرگرتن لە کۆی گشتی ئەو ئەزمونانە بەردەوام هەوڵی داوە هەتا خەڵکی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان بۆ گەییشتن بە ئازادی دڵسارد بکاتەوە. بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەباری ئیمکانات و میدیاوە خاوەنی دەسەڵات و تواناییەکی وەها نەبووە کە بتوانێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بێ.

هەر ئەمەش زۆر جاران لێکەوتەی خراپی هەبووە و بە قازانجی ڕێژیمی تاران تەواو بووە.

شەڕی نەرمی دوژمن بە دژی نەتەوەی کورد تایبەت بە جوغرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵات نییە.

ڕێژیم لەو شەڕەدا هەوڵ دەدات خەڵکانێک لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بخاتە ژێر هێژمۆنی فکریەتی پاوانخوازانەی خۆیەوە.

لەم شەڕە هەستپێنەکراوەدا ڕێژیم بەردەوام هەوڵ دەدات خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە هەواڵ و چالاکی و زانیارییەکانی تایبەت بە خەباتی حیزبی دێموکرات بێ ئاگا و بێخەبەر بهێڵێتەوە، یان ئەگەر هەواڵ یان چالاکییەکیش هەبێت بە کەمبایەخی لە قەڵەم بدات. زەقکردنەوەی جۆرگەلێک لە چالاکی گوماناوی هەندێ لایەنی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ داپۆشینی ناو و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران میتۆدێکی دیکەی ڕێژیمە کە لانیکەم زیاتر لە بیست ساڵە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درێژەی هەیە.

بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کاڵا و گواستنەوەی بیری داگیرکەرانە لە ڕێگای کاڵاوە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان شێوەیەکی بەردەوامە کە نەک خەڵکی ئاسایی بەڵکوو دەتوانێ لەوپەڕی بێدەنگیدا سیستمێک بەرەو ژێردەستەیی پەلکێش بکات.

وەک ئەوە کە تاکی کورد لەباری چۆنیەتی ژیانێکی شیاو و سەردەمیانەوە خۆی بە کەم بزانێ و ئاخوندە مێشک ڕزیو و گەندەڵەکانی تاران بە گەورە و ڕزگاریدەر و خاوەن بەرهەم بزانێ !!! ڕێژیمی گەنیوی تاران جیا لە خزمەتگوزاری پزیشکی و چەندین جۆری خزمەتگوزاری دیکە هەوڵ دەدات تاکەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە گەندەڵی ئەخلاقی و مادە هۆشبەرەکانەوە بگلێنێ هەتا بەم پیلانە سیاسییە باشتر بتوانێ پەرە بە داگیرکارییەکانی بدات.

شوێنکەوتنی کەلتور و بەکارهێنانی جلوبەرگ و گوێ گرتن لە مۆسیقا و چێژ بینین لە خواردن و خواردنەوەگەلێک کە مۆرکی داگیرکەریان بەسەردا زاڵ بووە بەرەبەرە دەتوانێ نەک تاک لە خەبات بەڵکوو لە شوناس و ڕەسەنایەتی خۆیشی دوور بخاتەوە.

ڕێژیم لەم شەڕە ڕانەگەیەندراوەدا بە دەستمایەی ئیسلام و پاراستنی ئابڕو و ناموس دێتە مەیدانەوە و بە بەڵێندانی ژیانێکی خۆش لە قیامەتی پاش مردندا توخمی کۆیلایەتی لە مێشکی مرۆڤەکاندا دەچێنێ بەڵام ئەوەی ڕێژیم هەوڵی سەپاندنیەتی نەتەنیا پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە بەڵکوو بە تەواوی لە ئیسلامیش دورە.

ڕێژیمی تاران لە فۆرمی ئیسلامی یان پاشایەتیدا تەنیا بۆ زاڵکردنی پانفاشیزمی ئێرانی هەوڵ دەدات هەتا جوغرافیایەکی بەرینتر لە خەڵکانی نائاگا و ناهۆشیار بکاتە ژێردەستەی خۆی.

جێگای ئاماژەیە لانیکەم لە ئێستادا زۆربەی خەڵکی دانیشتوی جوغرافیای ئێران ئەوە دەزانن کە ئیسلام و پاراستنی ناموس، دانوێک بوو بۆ لەداوخستنیان، لەداوخستن و گیرۆدەبوونێک کە زیاتر لە چل ساڵە درێژەی هەیە و ڕزگاربوون لێی بە بێ قوربانیدان و خەباتێکی چەکدارانە، زۆر ئەستەمە.

هیلاک کردنی زەینی تاکەکان لە بازنەیەکی بێ هیواییدا بۆ شوێن نەکەوتنی خەبات و بیرنەکردنەوە لە دژایەتی ڕێژیم لەباری کردارییەوە سیاسەتێکی سەرەکی شەڕی نەرمی ڕێژیمی ئاخوندییە کە ئەوانەی باسی لێوە کرا تەنیا چەند نمونەیەکن لەو سیاسەتانە.

لە بەرانبەر شەڕی نەرمی دوژمندا، شێوەگەلێکی جۆراوجۆر و تا ڕادەیەک جیاواز بۆ خەبات بوونی هەیە.

تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان دەتوانن زیاتر پەیوەست بەم شێوە جیاوازانەی خەبات ببن و بەردەوام شکست بە شەڕی نەرم و داگیرکارانەی دوژمن بێنن .

ئاشکراکردنی دیوی شاراوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ کۆمەڵانی خەڵک؛ ئاشناکردنی زیاتری کەسانی دەوروپشت بە زمان و کەلتور و ئەدەبیاتی کوردی و پڕڕەنگ کردنەوەی ئەو هێڵانەی لە نێوان ئێمە و داگیرکەردان، کە کەمڕەنگ بوونەوەیان دەبێتە هۆی توانەوە و ئاسمیلەبوونمان؛ بەرزڕاگرتنی بۆنە نەتەوەیی و حیزبییەکان وەک ڕۆژانی نەورۆز، شەهیدان و پێشمەرگە و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و هتد؛ پەرەدان بە ئاشتی و تەبایی لە نێوان خەڵکی کوردستاندا؛ ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزا و چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان؛ پەرەدان بە دژایەتی ڕێژیم و دەربڕینی نارەزایەتی لە مانگرتنە جەماوەرییەکاندا؛ پەیوەندی گرتن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەبوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ تێکۆشەرانی شاخ و دەیان و سەدان جوڵەی دیکە دەتوانن شکست بە سیاسەتە چەپەڵەکانی ڕێژیم لە کوردستان بهێنن و مەشخەڵی خەبات لە شاردا بە ڕۆشنی بهێڵنەوە.

لەو ڕووەوە کە داواکارییەکان لە کوردستان هەندێ جیاوازی بنچینەیی هەیە لەگەڵ زۆربەی شوێنەکانی دیکەی ئێران، ڕێژیم پێی ناخۆش نییە کە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانیش بۆ ئاستی شوێنەکانی دیکەی ئێران دابەزێ.

ڕێژیم بە هەموو هێزی میدیایی و نەرمی خۆیەوە هەوڵ دەدات داواکارییەکانی نەتەوەی کورد لە داواکاری نەتەوەییەوە بگوازرێتەوە بۆ خواستگەلی ئابووری و ڕۆژانە.

ڕێژیم هەوڵی بەردەوام دەدات هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخستنەکانی حیزب نەبنە نمونە و سەمبولێک بۆ نەتەوە جیاوازەکانی نێو جوغرافیای ئێران.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات درێژەی خەباتێکی بەردەوامە بە دژی داگیرکەر کە حیزبی دێموکرات لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە خاوەنداریەتی دەکات.

کات و شوێن و شێوەی خەباتەکە بەپێی قۆناخەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە بەڵام ئەو خەباتە لە ئامانجی درێژخایەن و ستراتیژیکی خۆیدا گرێدراوی داواکارییە نەتەوایەتییەکانە کە هەمیشە دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران وەک گەورەترین مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ناڕەوای خۆیان چاویان لێکردووە.

سەردەمی ئێستای ڕاسان دەتوانێ هەندێ جیاوازی هەبێ لەگەڵ جوڵانەوەکانی پێش لەخۆی.

لە ئاستی جیهانیدا، جیهان بەرەو چەندجەمسەری هەنگاوی ناوە و شەڕێکی ساردی ڕانەگەیێندراو لە نێوان ئەو جەمسەرانەدا بەدی دەکرێ. لە ئاستی ناوچەییدا پەیمانی ئیبراهیم هاتووەتە ئاراوە و وڵاتی ئیسرائیل لە دە ساڵی ڕابردووە هەتا ئێستا زیاتر پشت بە هێزی خۆی دەبەستێ و سەدان جار هێز و بنکەکانی ڕێژیمی لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران کردووەتە ئامانج.

لە ناوخۆی ئێراندا ڕێژیم بۆ زۆربەی دانیشتووانی ئێران ڕەوایی نەماوە.

ڕێژیم لەگەڵ دەیان قەیرانی گەورە و بچوکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و هتد ڕووبەڕوو بووەتەوە کە جگە لەوە هیچیانی بۆ چارەسەر نابێ بەردەوام ڕێژەی ئەم گرفتانە دەچێتە ئاستێکی قوڵتر و بەرینترەوە.

لە وەها بارودۆخێکدا هەبوون و بەردەوامبوونی ڕاسان لە ڕۆژهەڵات زەرورەتێکی بێ ئەملا و ئەولایە؛ بەڵام چۆنیەتی جوڵەکان بۆ پاشەکشێ پێکردن بە ڕێژیم لە کوردستاندا پێویستی بە لێوردبونەوە و دیبقەتی زیاتر هەیە.

ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بۆ داهاتووە نیزیکەکانی ئەم خەباتە دەبێ بیزانن هیواداربوون و هیلاکنەبوون و بەردەوامبوون لە خەبات بە دژی دەسەڵاتی داگیرکەری تارانە. بڕوابەخۆبون و وەفاداربون بە ڕێبازی شەهیدان دەبێتە هۆی پتەوبونی ئیمان و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە؛ هەر ئەمانەش دەقیقەن ئەو خاڵە بەرانبەرەی دوژمنە کە دەیهەوێ بە شەڕی نەرم لە ناخی تاکەکاندا بیانسڕێتەوە .

داواکارییە سینفییەکان لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران لە چاو سێ ساڵ لەوە پێشترەوە زۆر جیاوازی هەیە.

توانای کڕینی خەڵک زۆر کەمتر بووەتەوە لەحاڵێکدا موچە و داهاتەکان زۆر زیادیان نەکردووە.

ترسی کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران بەردەوام زیادتر دەشکێ و ڕێژەی ئاشکرابونی هاتنە سەرشەقام و مانگرتنەکان و دژایەتی ڕێژیم بە شێوەی ئاشکرا زۆر زیادی کردووە.

ژنان لە ئاستێکی بەرزتردا لە چاو ساڵانی پێشوو هاتوونەتە مەیدان و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن.


ئەگەرچی هەتا ئێستاش ڕێژیم پێی باشتر بووە زۆربەی ئەو نارەزایەتییانە وەک داواکاریگەلێکی سینفی و ئابووری دەرکەون یان پیشان بدرێن بەڵام داواکارییەکانی ژنان بە تەنیا لە داواکاری ئابووری و سینفیدا جێگایان نەبووەتەوە و ناڕەوا نییە ئەگەر بگوترێ لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەوە ژنان و بەتایبەت ژنانی جەرگسوتاون کە فۆرمی سیاسیتر بە داواکارییە گشتییەکان دەدەن و هەر ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە دڵی حاکمانی ڕوو بە زەواڵی تاراندا دروست کردووە.

بە هەموو ئەمانەشەوە و زیادە لەمانەش گرفتە ناوچەیی و جیهانییەکانیش کە بەرۆکی ڕێژیمیان گرتووە نەیانتوانیوە ئەو دەسەڵاتە ملهوڕ و تیرۆریستە لە نێو بەرن بۆیە فاکتەرەکانی نارەزایەتی گشتی و قەیرانە ئابووری و بێکاریوەکان ئەگەرچی پێوەرگەلێکی گرینگ و بەهێزن بۆ ڕوخانی ڕێژیم بەڵام یەکلاییکەرەوە نین.

ئاڵترناتیو یان ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز کە خاوەنی ڕێکخراو و هێزی چەکداری زەبروەشێن بێت دەتوانێ جەستەی نیوەمردووی ئاخوندەکانی تاران بۆ گۆڕستانی مێژوو ڕەوانە بکات. بە وردبونەوە لە کۆی گشتی ئەم کەتوارانە بۆمان دەردەکەوێ سیاسەتی دڵساردکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە خەبات سیاسەتێکی شکست خواردووە و ڕاسانی ڕۆژهەڵات چرایەکی دایساوی پێشەنگە کە مەزنایەتی لە خەباتدا بە نیسبەت خەڵکانی دیکەی ناو جوغرافیای ئێران دەبەخشێتە شوێنکەوتووانی خۆی.

ڕێژیم بە درک بەم کەتوارانەیە کە لە هیلاکنەبوون و بەردەوامبوونی خەڵکی کوردستان لە ڕاسان و هەوڵدان بۆ بەهێزترکردنی ئەو خەباتە تۆقیوە، چونکە پێی وایە ڕاسان دەتوانێ ببێتە هۆی پەرەگرتنی خەبات لەو ناوچانە کە لە قۆناخی داواکارییە سینفییەکاندان .

# کۆرۆنا و کێشە و ناڕەزایەتییەکانی قوتابییان



**بەدوای گشتگیربوونەوەی کۆرۆنا لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٨ و تێوەگلانی کۆمەڵگای جیهانی بەو پەتایە، کەرتی خوێندن و پەروەردەی قوتابییان و خوێندکاران لە جیهاندا و بە تایبەت لە کوردستان و ئێران خەساری بەرچاوی وێکەوت.**


**نیشتمان ڕەسووڵ دنخە**

بەدوای گشتگیربوونەوەی کۆرۆنا لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٨ و تێوەگلانی کۆمەڵگای جیهانی بەو پەتایە، کەرتی خوێندن و پەروەردەی قوتابییان و خوێندکاران لە جیهاندا و بە تایبەت لە کوردستان و ئێران خەساری بەرچاوی وێکەوت.
کۆماری ئیسلامی بۆ بردنەپێشی پرۆسەی خوێندن وەک باقی وڵاتانی دیکەی جیهان لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، هەوڵی دا لە دونیای مەجازی کەڵک وەربگرێت؛ ڕپرئاشکرایە کە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی بۆ پرسێکی وەها گرینگ کردەیەکی جیگەی پەسندە بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە دەبێ بزانین ڕێژیم ئەو بڕیارەی لە چ دۆخێکدا دەرکرد؟
ئایا کۆمەڵگای ئێران ئامادەیی ئەوەی هەبوو کە لە دونیای مەجازی کەڵک وەرگرێت؟ لە وڵامدا، دەبێ بڵێین کە ماوەی چەندین ساڵە ڕێژیمی ئێران باس لە خوێندن لە دونیای مەجازی دەکات بەڵام هەتا ئێستا بۆی جێبەجێ نەبووە، کەوایە ئایا دەتوانێت لە وەها هەلومەرجێکدا و لەناکاو پێشکەوتوو ببێتەوە؟
ڕێژیم دوابەدوای ئەو بڕیارە و بۆ یەکەم جار داوای لە قوتابییان کرد وانەکانیان لە کاناڵی ئاموۆزش و کاناڵی ٤ی دەنگوڕەنگ بخوێنن و پێرستی بەرنامەی وانەکانیان لە پورتاڵی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم وەربگرن.
پاشان چەندین ئەپی وەک: ڕووبیکا، ماسک، سرووش، بەڵێ و لە نەهایەتدا ئەپی «شاد»ی بە قوتابییان پێشنیار دا کە لەسەر مۆبایلەکانیان دایبەزێنن.
هەر لە سەرەتاوە ئەو بڕیارە بەهۆی گرفتەکانی وەک: ژێرخانی فەننی، وڵامدەرنەبونی ئینتێرنێت و ناشارەزایی مامۆستایان بە وانەکوتنەوە لە دنیای مەجازی لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو بوویەوە.
لەلایەکی دیکەوە گرفتەکانی قوتابییان بۆ دابەزاندنی ئەپی «شاد» چەندین بەربەستی بەدواوە بوو کە دەکرێ بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:
یەکەم:قوتابییان بۆ دابەزاندنی ئەو ئەپە پێویست بوو حەتمەن مۆبایلێکی ئەندرۆیدیان هەبێ کە نرخی یەک مۆبایل بە کوالێتی کەمەوە لە بازارەکانی ئێراندا لە یەک میلیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەن کەمتر نییە و زۆربەی دایک و باوکانی قوتابییان ناڕەزایەتییان دەربڕی و وتیان توانایی کڕینی مۆبایلمان نییە و بەشێک لە قوتابییان بۆ دابینکردنی مۆبایل ناچار بوون بچن لە بازارەکاندا کار بکەن، بۆ نموونە «مانی تەمەن ١٦ ساڵ خەڵکی گوندی «شمشێر»ی پاوە یەکێک لەو قوتابییانە بوو کە بۆ کڕینی مۆبایل چوو بۆ کۆڵبەری و گیانی لەدەستدا! هەروەها چەندین منداڵیش بەهۆی نەبوونی مۆبایل دەستیان دایە خۆکوژی.
دووهەم: کێشە لەگەڵ خودی ئەپی «شاد» بوو کە هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت ئەو ئەپە پێوەندی بە ڕووبیکاوە هەیە و بەهۆی بانگەشە و پاوانخوازی کە ئەو ئەپە لە دەنگوڕەنگی ڕێژیمدا هەیەتی بووەتە ئەپێکی لاواز لەباری ئەمنیەتییەوە کە بۆ خوێندن کەڵکی لێ وەربگیردرێت.
سێهەم: دابەزاندنی ئەو ئەپە پێویستی بە ئینتێرنێتێکی باش هەیە و قوتابییان دەڵێن دابەزاندنی ئەو ئەپە زۆر جار چەندین ڕۆژی خایاندووە.
چوارەم: دایک و بابی قوتابییان دەڵێن کاتێک دەمانهەوێ منداڵەکانمان لە ئەپی شاددا ناونووسی بکەین داوای هێندێک زانیاری وەک: ڕۆژی لەدایکبوون، ژمارەی کارتی پێناسمان لێدەکەن کە بۆ ئێمە جێگای سەرنجە و ئێمە باوەڕمان بەو ئەپە نییە و ڕێژیم بۆ سیخوڕی کەڵی لێوەردەگرێت.
پێنجەم:قوتابییان دەڵێن کاتێک ناونووسی دەکەین و دەچینە نێو ئەپ ناوی ئێمەی تێدا هەیە و بەڵام هیچ کۆڕێکی وانەوتنەوە دروست نەکراوە و مامۆستاکان زۆرکات pdf دادەنێن و دەڵێن وانە تەواو بوو مامۆستایانیش دەڵێن منداڵان لە کاتی وانەدا ئامادە نابن!
لە لایەکی دیکەشەوە تەواوی خەڵکانی ئێران لە بوونی ئینتێرنێت بەهرەمەند نین.
ئەوانە کێشە ئاشکراکانی خوێندن لە دونیای مەجازی بوون بەڵام کێشەکان تەنیا پێوەندیدار بە قوتابییان نین بەڵکوو چارەسەرنەکردنی کێشە و گرفتەکان و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی بەردەوامی مامۆستایان بۆ مافەکانیان داوێنی قوتابییانیشی گرتووەتەوە.
ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕ لەسەر بڕیاری وەزیری پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم و ستادی کۆڕۆنا بۆ بەرگری لە گزیکردنی قوتابییان لە تاقیکارییەکانیاندا بڕیاریان دا کە پۆلەکانی ٩ و ١٢ دەبێ بۆ تاقیکاری بچنە قوتابخانە و دوای ئەنجامی تاقیکاری وانەکانی «کیمیا (شیمی)، بیرکاری (ریاضی)، وێژە (ادبیات) و ئایین» قوتابییان تاقیکارییەکەیان پێ سەخت بووە و بۆ پیشاندانی ناڕەزایەتی لەهەمبەر تاقیکاری ڕاستەوخۆ هاتنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتییان دەربڕی؛ هێزە هەمیشە ترس لەبەرەکەی ڕێژیم بۆ کۆتایی پێهێنانی ناڕەزایەتی قوتابییان دەستی دایە شکەنجە و دەسبەسەرکردنی کاتی و بە گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەی بە قوتابییان کرد.
ئەو کێشانە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ سەر لاوازی سیستمی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم کە هیچ کات دەرفەتی بە هیچ تاکێک نەداوە بە ڕاوێژ، کێشەکانی خۆیان بخەنە بەر باس چونکە خۆیان باوەڕیان بە ڕاوێژ نییە.
لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە چ زەمانەت و گەرەنتییەک هەیە کە دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتییەکانی قوتابییان دەتوانێت بۆ هەمیشە بێت یا کاتی؟ یان ناڕەزایەتی لە ئێراندا بووەتە فەرهەنگێک بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکان.
جیا لەوانەش بۆچی تەنیا دەبێ تاقیکاری پۆلی ٩ و ١٢ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت؟ ئایا ئەوە جیاوازی و هەڵاواردن نییە؟ مەگەر جیا لەوەیە کە لە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی ئێراندا هەمو تاکەکان لە بەرانبەر یاسادا یەکسان نین؟
ئەوەی ڕوونە و جێگەی مشتومڕی نەهێشتووەتەوە ئەو ڕاستییەیە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا پرسێک بەناوی یەکسانی بوونی نییە؛ نەک بوونی نییە بەڵکوو تەنانەت هیچ یاسایەکیش نییە پشتیوانی قورس و قایم لە مافی مامۆستایان و قوتابییان بکات.
چونکە یەکەم کەسانێک کە ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ ویست و داخوازییەکانیان خانەنشینکراوان بوون کە بەشێکی زۆری ئەو خانەنشینکراوانە مامۆستایانیشی دەگرتەوە.

**ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕ لەسەر بڕیاری وەزیری پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم و ستادی کۆڕۆنا بۆ بەرگری لە گزیکردنی قوتابییان لە تاقیکارییەکانیاندا بڕیاریان دا کە پۆلەکانی ٩ و ١٢ دەبێ بۆ تاقیکاری بچنە قوتابخانە و دوای ئەنجامی تاقیکاری وانەکانی «کیمیا (شیمی)، بیرکاری (ریاضی)، وێژە (ادبیات) و ئایین» قوتابییان تاقیکارییەکەیان پێ سەخت بووە و بۆ پیشاندانی ناڕەزایەتی لەهەمبەر تاقیکاری ڕاستەوخۆ هاتنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتییان دەربڕی؛ هێزە هەمیشە ترس لەبەرەکەی ڕێژیم بۆ کۆتایی پێهێنانی ناڕەزایەتی قوتابییان دەستی دایە شکەنجە و دەسبەسەرکردنی کاتی و بە گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەی بە قوتابییان کرد**

## وێستگە

## تابۆکان بۆ ژنان کامەن؟



**نووسین: هێمۆ**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە ڕێکەوت چاوم بە پۆستێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەوت کە خانمێک لە وڵاتێکی ئورووپایی، چەندین وێنەی خۆی لە کاتی ڕەنگ کردنی دیواری خانووەکەی دانابوو، لە کەپشێنی ئەم پۆستەدا باسی لە بەهێزبوونی ژن و توانا شاراوەکانی کردبوو، بەڵام ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام و بوو بە هەوێنی نووسینی ئەو بابەتە، ڕستەی یەکەمی کەپشێنەکە بوو کە نووسیبووی: «زۆر لەمێژە ئەم شێوەکارانە تاپۆ کراون لە سەر پیاوان و وەک کاری پیاوانە ئەژمار کراون!»
بەڵام ئایا بەڕاستی وایە؟ ئایا لە کۆمەڵگا ئورووپاییەکاندا کە بەدڵنیاییەوە بەهۆی یاسا دیاریکراوەکان دۆخی ژنان ئێجگار باشتر لە دۆخی ژنانی وڵاتانی دواکەوتووە، ئەم جۆرە کارانە قۆرغکراوی پیاوانن و بە پیاوانە بە ئەژمار دێن؟
ساڵانێکی زۆرە کە ژنان لە وڵاتانی دواکەوتووی جیهاندا لە هەوڵدان تاکوو بتوانن لانیکەمی مافەکانی خۆیان وەرگرنەوە، ئەگەر جاران ژنان لە ترسی ئابڕوو بێدەنگییان هەڵدەبژارد و بەو بێدەنگییە مۆرێکی تەئیدیان لە سەر هەموو کرداره پیاوسالارانە باوەکان دادەنا، ئەمڕۆ بە خۆشحاڵییەوە ئیتر ئەم شتە نابیندرێت.
دڵنیام کە کۆمەڵگاکانی پێشکەوتووی جیهان و بە قەولی زانایان، جیهان یەکەمییەکان لەو باوەڕە سەقەتانە تێپەڕیون کە کارەکان و ئەرکەکان و حەزەکان بە پێوەری ڕەگەز دابەش بکەن، بەدڵنیاییەوە لە وڵاتانێکدا کە بایەخی ژنان بەهۆی ئاستی زانایی و تێگویشتوویانەوەیە، ناکرێ و نالوێ کە کارێکی زۆر سادەی وەکوو ڕەنگ کردنی دیوار وەکوو کارێکی تاپۆ و پیاوانە ئەژمار بکرێ، هەرچەند کە ڕەنگە خودی ئەم کردارە لە هەندێک شوێندا لە جێگای خۆیدا بێت و ئەوەندە بەنرخ بکرێ سەیری بکرێت!
بە سەدان جار بینیومانە کە لە گوندەکانی کوردستان، کچان و ژنان شانبەشانی پیاوان لە کاروباری کشتوکاڵ و تەنانەت بیناسازیشدا هاوکارییان کردووە، ژن هەیە باشترین بیناسازە، ژن هەیە باشترین وەرزێڕە و ژنیش هەیە باشترین ئاژەڵدارە!
زۆرجار کە باس لە مێژووی سەرهەڵدانی شارستانییەت دەکرێ، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتانەی کە گوندنشینی دەستی پێکرد و ژنان چۆن توانییان ئەرکی دروستکردنی یەکەمین فۆرمی نیشتەجێبوون لە ئەستۆ بگرن، ڕاستە ڕەنگە ڕاویان نەکردبێت بەڵام توانیویانە بونیاتی شارستانییەتێک دابنێن کە ئێستاش باسی لێوە دەکرێت، هەر ئەمە بناغەیەکی سەرەتایی و گرینگ بوو بۆ ئەوەی کە ژنان بتوانن سەرۆکی خێڵ و عەشیرە بن، کارێک کە ڕەنگە پیاوانە ئەژمار بکرێ! ئەوان بەرەبەرە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان هاتنە پێشەوە و پاش ئەو هەموو قۆناغە جیاوازە کە تاکوو ئێستا تێپەڕیان کردووە، ئێستا دەتوانن بڵێن کە ئێمەش هەین!
لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا کە ژنان هەمیشە وەکوو کەرەستە چاویان لێکراوە و هیچکات کەڵک لە توانایی و لێهاتووییەکانیان وەرنەگیراوە، دیسانیش ژنانێک هەن کە توانیویانە نەک تەنیا لەگەڵ دەسەڵات و کلێشە جنسییەکان بەڵکوو لەگەڵ دابونەریتە زاڵەکان بە سەر کۆمەڵگاشدا بە شەڕ بێن و بتوانن خۆیان لە قۆناغگەلێکی باش و پڕدەسکەوتتدا ببیننەوە.
سەرەڕای ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی دا کە ژنان لە خوێندنی بوارە ئەندازیارییەکان و ئەوانەی کە پێویستییان بە ورە و توانایی جەستەیی هەبوو، دوور بکاتەوە بەڵام بەختەوەرانە ئێستا هەر لەو ئێرانەدا، زۆرن ئەو ژنانەی کە ئەندازیارن و بە بێ ترس خۆیان لە کاروباری فەنیی و بە قەولی هەندێ لە پیاوان، پیاوانە وەردەدەن و نەک هەر گوێ بە دەسەڵات نادەن بەڵکوو کردارە باوەکانی کۆمەڵگاش دەبەنە ژێر پرسیارەوە و چیدیکە گرینگییان پێ نادەن.
هەر بۆیە بابەتێکی زۆر سادەی وەکوو ڕەنگ کردنی دیوارێک، یان هەر شتێکی هاوشێوە، پێم وانەبێ کێشەی ئێستای ژنانی کوردستان و تەنانەت وڵاتانی دیکەش بێ.
بەڕاستی ژنان ئیتر لەوە تێپەڕیون کە کێشەکانیان ببەسترێتەوە بە هەندێک کار و کردەوەی بچووکەوە کە هیچ لە دۆخی ئێستایان ناگۆڕێ.
ئەمە بابەتێکی گرینگە کە بزانین چۆناچۆن ئەتوانین داوای مافە پێشێلکراوەکانمان بکەین، هەر بۆیە قەتیس کردنەوەی کێشەکانی ژنان لە سەردەمێکدا کە سەردەمی زانیاری و تێگەیشتنە، زووم کردن لە سەر بابەتگەلێکی بچووک و زۆر لاواز، هیچ لە بابەتەکەمان ناگۆڕێ.
ژنان ئێستا لە گۆڕەپانێکی گەورەتردا هەنگاو دەنێن، ئەوان دێنە سەرشەقامەکان و داوای مافەکانیان دەکەن، ڕێپێوان ڕێک دەخەن و دەبنە لیدەری خۆپیشاندانە گەورەکان، ژنان نەک هەر پاڵپشت بەڵکوو هێزی کارای بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگان و زیاتر لە کاتەکانی پێشوو، هەست بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە خۆیان، کۆمەڵگاکەیان و نەوەکانی داهاتوو دەکەن.
ژنان خۆیان لە بازنەی ماڵەوە و ئەو کارانەی کە بە ژنانە پێناسە کراون، کێشاوەتە دەرەوە و چیدیکە چاوەڕێی لوتفی پیاوان و دەسەڵاتیش نین، ئەوان هێزیان هەیە، بڕوایان هەیە، تواناییان هەیە و لە کۆتاییشدا بە خۆدەربازکردن لە عورف و باوی کۆمەڵگا، خەریکی پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی خۆیانن.

# شەهید «لوقمان مێهفەر»؛ سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی دێموکرات

ئەلبورز ڕۆئینتەن

بەشی سێهەم و کۆتایی

لە هەمووی گرینگتر شەهید لوقمان ڕوانگەی تایبەتی سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەفتاری سیاسەتکردن هەبوو کە لەلای ئەو هەم سەقامگیری لە دۆخە جیاوازەکاندا و هەم پاراستنی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی گرێدەدایەوە بەو ژینگەیەی کە خەباتی تێدا دەکرد. ئەو بە ناسینێکی تەواوی ستراتیژییەتی ژینگەی خەبات، لێکدانەوەی بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهات و ئەگەرەکان دەکرد. ئەو لایەنگری گۆڕانکاری ڕادیکاڵ نەبوو کە نەتوانێ وەڵامدەرەوەی دۆخی هەنووکەیی بێ و لە مەیدانی کردەوەدا ناکارا بێ، لە هەمان کاتدا قەتیسبوون و خۆلادان لە ئاڵوگۆڕی بە مەترسیدارتر دەزانی بۆسەر ڕەوتی شۆڕش و ژیانی شۆڕشگێڕ، بۆیە لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕێئالیستییانە و سەردەمییانە بۆ پرسەکان بوو. لە هەمووشی گرینگتر باوەڕی قووڵی بەو ڕێبازە هەبوو کە هەڵیبژاردبوو و ئەو ڕێبازەی کە بە ڕەوای دەزانی و مانەوەی نەتەوەیەکی لە گرەوی ئەو ڕێبازەدا دەزانی هەر وەکوو بۆ خۆی لە یەکێک لە نووسینەکانیدا دەڵێ:

«ئێمەی کورد لەمێژە لەوە گەیشتووین کە بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ ئەو نرخە بدەین و لە خوێندان باکمان نەبێ. لەمێژە لە ڕێبەری گەورە و نەمرمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووەوە فێر بووینە کە لە سەرکەوتندا لەخۆبایی نەبین و لە نسکۆدا دەستەوەستان نەبین؛ بۆیە کام کۆستی گەورەیە ناتوانێ ئەژنۆی وورەمان شل بکات و کام زام قورسە ناتوانێ هەنگاوی ئومێدمان پێ شل بکات. لەو ڕوانگەیەوەیە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا خۆیان ڕێکدەخەن و بە شانازییەوە درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی پڕ لە سەروەری شەهیدان دەبن. ڕەنگە ڕەمزی هەرمانی نەتەوەییشمان هەر ئەوە بێ».

شەهید لوقمان وێڕای لێهاتوویی لە سیاسەتدا و شارەزایی لە چەمکە سیاسییەکاندا، ڕوانگەیەکی یاسایی و دەستووریشی بەو چەمکانە و شێوازی سیاسەتکردنەکەشی بەخشیبوو. ئەوەش وایکردبوو کە ڕۆڵی کاک لوقمان زیاتر بەرجەستە بێت. ئەو لەلایەکەوە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابینبوونی مافە یاسایی و مرۆڤییەکان دژ بە ڕێژیمی داگیرگەری زاڵ بەسەر کوردستاندا خەباتی دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە لە ئاستی ڕێکخراوەییدا لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا هەوڵی جیددی دەدا تا ئەندامان بە مافی وەک یەک و ئەرکی یەکسانەوە هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بکەن.

هەربۆیەش لە نووسینەوە و داڕشتنەوەی گەڵاڵە و ڕێکاری ئۆرگانەکان ڕوانگەی یاسایی و حقوقی خۆی لێ زیاد دەکردن و دەوڵەمەندتری دەکردن.

لە دوای کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەمان بە تایبەتی کە ڕێکخراوەکەمان ئەزموونێکی نوێی پێکهاتەی کارگێڕی تاقی دەکردەوە کە لەسەر بنەمای یاساتەوەری و یەکسانی لە دابەشکردنی دەسەڵاتی ئۆرگانەکان دامەزرابوو، هەبوونی کەسایەتییەکی وردبین کە لێزانییەکی زۆری لە دەقە یاساییەکاندا هەبوو، لە ناوەندێکی وەک «ناوەندی سیاسی» کە یاسادانەری وەک ئەرکێکی ئەو ناوەندە دیاریکرابوو، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری لەسەر شیکردنەوەی بڕیارەکان و بەپەسەندگەیاندنیان هەبوو.

شایانی ئاماژەپێدانە نەتەنیا لە ئاستی نێوخۆیی بەڵکوو لە کاتی باسی داهاتووی ئێران و کوردستان و هەروەها شیکردنەوەی سیستمە سیاسی و یاساییەکان و گەڕان بە دوای بەرژەوەندی نەتەوەیی و هەروەها لێکدانەوەی مێژووی گەلی کورد لە بازنەی ڕێککەوتننامە و پەیماننامە جیهانییەکان لێهاتوویەکی زۆری هەبوو کە بۆ ئێستا و داهاتووی کورد زۆر پێویست بوو.

کە دەڵێین شەهید لوقمان شۆڕشگێڕێکی بە مانای وشە بوو بەڵگەی زۆر هەن، یەکێک لەوان قەڵەمی بەبڕشتی کاک لوقمان بوو کە لە خزمەتی شۆڕش و شۆڕشگێڕاندا لە ڕێگای نووسینی وتار و بابەتی سیاسی و ئەدەبییەوە توانیبووی شوێندانەری خۆی هەبێت و نووسین و بەرهەمەکانی جێگەی تایبەت بەخۆی لە «ئەدەبی بەرگری»دا بکەنەوە. بەرهەمە بەنرخەکانی شەهید لوقمان لە سێ بواردا خۆدەبیننەوە. یەکەم: ئەو لێکدانەوە سیاسی و بابەتییانەن کە لە ڕۆژەڤدا هەبوون. دووهەم: لێکۆڵینەوەی یاسایی سیاسی پەیوەندیدار بە دۆزی کورد کە خۆیان لە چەند کتێب و دەیان وتاری زانستی یاسایی و وانەی فێرگەدا دەبیننەوە. سێهەم: ئەو پەخشانانەن کە بۆ کوردستان، شەهید، پێشمەرگە، شۆڕش و جووڵانەوە کە لە چوارچێوەی ئەدەبی بەرگریدا پێناسەی بۆ دەکرێت دەبیندرێت.

هەریەک لەو بوارانە لە ئاستی خۆیدا بەنرخن بەڵام کاریگەری پەخشانەکانی شەهید لوقمان کە گڕکانێکن لە حەماسە و گەردەلوولێکیان لە ڕۆحیەی بەرەنگاری و وورەی شۆڕشگێڕی وەڕێدەخست، شوێندانەرییەکی باشیان هەبوو. لەو پەخشانانە دەتوانم ئاماژە بە پەخشانێک بکەم کە بۆ ڕێزگرتن لە بەرخۆدانی مامۆستا «حەسەنی شیوەسەلی» نووسیویەتی، یان پەخشانی «هەستەوە شێخاڵی» کە بۆ یادی فەرماندەی بەوەجی حیزب شەهید «برایمی شێخاڵی» نووسراوە و دەیان پەخشانی تری لەم چەشنە. سەرنجڕاکێشترین خاڵی پەخشانەکانی شەهید لوقمان بە لای منەوە وێناکردنی جوانییەکانی کوردستان و شارەزابوونییەتی بەسەر جوگرافیای ناوچەکاندا کە لە تەنیشت قارەمانێتی پێشمەرگە وەک تابلۆیەکی هارمۆنیک کە ئاوێتەبوونێکی تایبەتی تێدایە نەخشاندوویەتی.

لە بەشێک لە پەخشانی کۆستێکی ناوەختدا هاتووە:

"پاییزە کۆستی «مراد» قەتماغەی فڕێ داوە و زامی «ڕەسوول»ە سەر لە نوێ لە جەستە نوێ دەبێتەوە. سەقز سڕ، «تیلەکۆ» مات و بێدەنگ، پێدەشتی «کۆیە»ش تەم و خەم گرتوویەتی، «بێنگوول» چاوەڕێیە و «هەولێر»ی هۆلاکۆ و داعشبەزێن باوەشی بۆ گرتۆتەوە و «شێخان» پرچی ئاڵی ڕنی و «شەنگار»یش پەنجەی ئارامی بەسەر ڕووخساری دادێنێ و ڕۆژهەڵاتی زامهەڵگرتووی ڕاسانیش لەسەر پێ وەستاوە.

دەمێک بوو دەمانهەویست پشوویەک بدەین، هەناسەیەک هەڵکێشین، لەبەر سێبەری نەونەمامەکان سەرخەوێک بشکێنین، کەچی چەرخی چەپگەردوون ڕێگای نەدا و خەو لە چاوان تۆرا و ڕەشەبای زریانی (داعش) هەڵیکرد و قژ و کاکۆڵی یەکێک لە نەونەمامەکانی هەڵپڕووزاند و هەڵپرووکاند. «ئارسان»ی تازەپێهەڵگرتوو بزەی لەسەر لێو تۆرا و کۆترە سپییەکەم وا لە هێلانە نامۆیە، تەواوە بەساڵاچووەکەشم جارێکی تر ئامێزی لە خەم گرت، گوڵاڵەش باڵێکی تری شکا".

لە پەخشانێکدا کە بۆ یادی ٣٢مین ساڵیادی شەهیدبوونی فەرماندەی بەوەجی حیزبی دێموکرات برایم شێخاڵی نوسراوە لەژێر ناوی «هەستەوە شێخاڵی» بە باشی ئەو تابلۆیە جارێکی دیکە دەبینین کە نیشان دەدات چۆن شەهید و پێشمەرگە و کوردستان لە یەک تابلۆدا دەتوانن یەکبگرن:

"کاتێک لە چالاکی و تێکۆشان دەڕوانم، ئەوە لاوچاکەکەی پیرانشار و هەڵۆیەکەی لەندی شێخانە لە شەقەی باڵان دەدا. جارێک بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات، جارێ یاڵەویاڵ بەرەو باکووری خۆرهەڵات ڕێگا دەبڕێ. بەهارە، پەڵەهەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی ورمێی گرتووە، شنەی شەماڵ لە پێ کەوتووە، زریان هەڵیکردووە، گوڵە شلێرە خونچە هەڵدەوەرێنێ. ئاسک لە پێدەشتی مەرگەوەڕ یاخی. کوێستانچییەکانی تەرگەوەڕ شین و شەپۆڕیانە. هۆ شێخاڵییەکەم، بەفری «جیرم»ە و «بیدکار»ان تارای سووریان پۆشی. شێخاڵی ئەمڕۆ ڕەقیب بە نەمانی تۆ شاگەشکەیە.

پێیوایە کەس نییە بگرێ داوێنی کەیوان. خەم میوانە و نیشتووە لەسەر لێوان. پیرانشاری خاراوی کوورەی کۆستەکانم هاتە زمان و وتی: نا ڕەقیب، هێزی گەل ڕق دایگرتووە. هەر کات «سیروان» لە خرۆشان وەستا. ئاگری لە بەرزیی باڵا کەوت، قەندیلی مەندیل بە سەر لە بن هات، گادەر وشکاوی بێ، هەورامانی چڕ لە پێ کەوت، چوارچرا و پیرلاشێز لە قیبلەگا کەوتن، ئەوکات ئەو بنارانە بێ ڕێبوار دەبن. هەستەوە شێخاڵی ساتێ چاو هەڵێنە لە باڵای «ڕاسان» بڕوانە، نەوەی تازە پێی هەڵگرتووە. کیژ و کوڕی ئەم نیشتمانە دەستەدەستە چەک لە شان هاتوونەتە ئەو بنارە. هەر کامیان شێخاڵییەکن، خۆیان سەرچۆپی کێشی زەماوەندن".

لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی شەهید لوقمان کە ئێمە زۆر بە کورتی باسمان کرد ئاوێتەی کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئەو ببوون، کە پەیوەندییەکی بەرفراوان و بەردەوامی لەگەڵ خەڵکدا هەبوو و تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش پەیوەندی درووست کردبوو و زۆر لە کەسایەتییەکانی دەناسی و دەیانناسی. هەر ئەوەش وای کردبوو کەسایەتی شەهید لوقمان و بنەماڵەکەی، پێگەیەکی تایبەتیان لە نێو خەڵکدا هەبێت، کە هەموو لایەک ماڵی ئەو بە ماڵی خۆیان بزانن و شەهید لوقمانیش بە هاوبەشی خەم و ئازارەکان و شادی و خۆشییەکانی خۆیان بزانن و لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێک بۆ هەر پێشمەرگەیەک لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بێت هەست بە هەبوونی پاڵپشتی و پشتیوانی برا گەورەیەک و ماڵە برایەک بکات.

هەر کاتێک کە باسی شەهید لوقمان دەکەین ناتوانین ڕۆڵی کەسایەتی بەرزی هاوسەرەکەی واتە دایە خەدیجە لاهیجانی (دایە خەجیج) کچی تێکۆشەری بەناوبانگی گەلی کورد مامۆستا «مەلا عەبدولڕەحمان لاهیجانی» نەکەین. هەمووی ئەو خەسڵەتانەی کە باسمان کرد بە پشتیوانی و هاوڕێیەتی و هاوسەنگەری و هاوسەرێتی دایە «خەجیج»، کە هەر لە سەرەتای ژیانەوە خاراوی کۆستەکانی شۆڕش بوو مومکین بوو.

مامۆستا «مەلا عەبدولڕەحمان لاهیجانی» کە شانازی ئەندامەتی لە «کۆمەڵەی ژێکاف»ی هەبوو، لە زیندان و لە شاخ، لە خەباتی نهێنی و خەباتی ئاشکرادا بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ تا دوایین هەناسە خزمەتی بە نەتەوەکەی کرد. سی ساڵی دوایی تەمەنی لە تەنیشت کچ و زاواکەی واتە کاک لوقمان وەک پاڵپشتییەکی مەعنەوی لە سەنگەری بەرخۆدان مایەوە.

دایە خەجیج کە هەر لە منداڵییەوە بە ئازارەکانی بێ باوکی و شەهیدبوونی برای تاقانە و تەحەمولی سەختییەکانی ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری و خەمی شەهیدبوونی زاواکەی ئاشنا بوو، خەمی لە دەستدانی شەهید لوقمان بۆ ئەو زۆر ئەستەم بوو، وەک گڕکانێک لە نێو خۆیدا هەڵدەقوڵی بۆ ئازارەکانی، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی دوژمن خۆش نەکات، ڕێگەی نەدا خەڵک سەرەخۆشی لێبکەن، ئەو سەرەخۆشی لە نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات دەکرد.


لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییانەی کە بۆی دەهات ئێمە دەمانبیت بە وورەیەکی بەرزەوە وەک کێلەشین و ئاگری پایەدار و سەربەرز وەڵامی سەرەخۆشییەکانی دەدایەوە و بەردەوام ئەو ڕستانەی دووبارە دەکردنەوە:

«سەرەخۆشی ئێمەش دەبێ لە میللەتی کورد بکرێ، لە ئێوە بکرێ نابێ ناڕاحەت بن دەبێ بە وورەوە درێژەدەری ڕێبازی شەهید لوقمان و شەهیدەکان بن، دەبێ شێلگیرتر لە جاران بۆ شادی ڕۆحی شەهید لوقمانیش درێژە بە خەباتی خۆتان بدەن، هەزاران شەهید لوقمان لە گۆڕەپاندا ماوە پاڵپشتی پێشمەرگە بن».

کوڕی شەهید لوقمان، «قادر مێهفەر» وێڕای دووپاتکردنەوەی پەیمانی تاسەر لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان ڕایگەیاند: وەک هەمیشە و بگرە زیاتریش درێژە بە خەباتی خۆیان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات دەدەن. کچی شەهید لوقمان «گەلاوێژ مێهفەر» کە لە چاوپێکەوتنەکانی لە ڕاگەیاندندا لە ساتی خەمی لەدەستدانی بابیدا، خەمی سەرخستنی ڕاسان و پشتیوانی پێشمەرگە لەبیر ناکات و بەڵکوو داوا لە خەڵک دەکات وێکڕا بۆ سەرخستنی ڕاسان هەوڵ بدەن. ئەمانە هەموویان بەڵگەن بۆ گەورەیی شەهید لوقمان کە نیشان دەدات چەند ڕاستگۆ بووە لەگەڵ خەڵکەکەی. ئەوەی کە داوای لە خەڵک کردووە پشتیوانی پێشمەرگە بن بنەماڵەکەی خۆشی ئاوا پەروەردە کردووە کە تا سەر پاڵپشتی شۆڕشن. شەهید لوقمان لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی لە بەرنامەی «تەڤگەرا ڕاسان»دا بەو شێوەیە پەیامی خۆی بۆ خەڵک دەنێرێت و داوا لە خەڵک دەکات:

«وەک پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە دەورانی گەنجییەوە تا ئێستا هەموو تەمەنی خۆم لەو ڕێگایە داناوە داواکەم ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یەکگرتووتر پاڵپشتی هەمیشەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن بۆ ئەوەی کە بتوانین لەو ئەرکە قورسە نیشتمانی و نەتەوەییەدا کە کەوتۆتە سەر شانمان بە ڕووسووری دەربچین و ئەو ڕۆژە دابێت کە بچینە سەر گۆڕی شەهیدەکانمان و پێیان بڵێین کە بەپشتیوانی ئەو میللەتە و بە هەڵمەت و تێکۆشان و هیممەتی ئەو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانە بەرهەمی خوێنی ئێوەمان بەدیهێناوە لە ڕاست خوێنی ئێوەدا سەربەرز و ڕووسورین، خۆمان بە شەرمەزار نازانین.»

لەکۆتاییدا تەنها دەمهەوێ بڵێم ئێمەمانان کە شانازی قوتابی بوونی ئێوەمان هەبووە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەر ئەو ڕێگەیە بەر نەدەین، یا لەو ڕێگەیە لە تەنیشت ئێوە ئارام دەگرین، یا لە سپێدەی سەرکەوتندا بێینە سەر گۆڕێ ئێوە و پێتان ڕابگەیەنین کە سەربەرز و ڕووسورین و خۆمان بە شەرمەزار نازانین.



# حیزبی دێموکرات و پەروەردەبوون تێیدا

یاسرمینا (ئاسۆ)

هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کە دادەمەزرێ، لە سەرەتاوە بە هەندێک بەرنامە و خاڵ و گەلاڵەی تایبەتەوە دەست بە کار دەکات و لەباری کرداری و ڕەفتارییەوە، کردارگەلێک لە خۆی نیشان دەدات کە پێی دەناسرێتەوە.

حیزبی دێموکرات وەکوو بەتەمەنترین حیزبی ڕیشەداری کوردی،هەر لە سەرەتاوە لە سەر کۆمەڵێک بنەما و بەرنامە دامەزراوە و هەندێک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەبووە کە هەتا ئێستاش بەو تایبەتمەندییانەوە دەناسرێتەوە و لە بەر بەسوودبوونیان، گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە. لە بەر ئەوەی حیزبی دێموکرات لە فەزایەکی ئازاددا و بە دەستی کەسە دیار و بەرچاوەکانی کۆمەڵی کوردەواری دامەزراوە و کۆمەڵە سیاسەتێکی جەماوەرپەسەندی بەڕێوە بردووە کە بە دڵی خەڵک بووە، هەر بۆیە توانیویەتی ڕیشە لە جەرگی کۆمەڵدا دابکوتێ و کۆمەڵی کوردەواری لە دەستپێکەوە ئەو حیزبەی بە پشتیوان و پاڵپشتی خۆی زانیوە و دووربوونی ئەو حیزبەی لە خۆی بە خەسار و کوژاندنەوەی خەبات و شۆڕش زانیوە؛ بۆیە لە هەر هەلومەرج و دەور و زەمانێکدا، چاوەڕوانی لەو حیزبە هەبووە.

دیارە حیزبی دێموکرات، ئەگەر چەند مانگی سەردەمی کۆماری کوردستان و چەند ساڵێکی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی لێ دەرکەی،هەر لە قۆناخی خەباتدا بووە و شەڕی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل کردووە و نەیتوانیوە لە هەموو بارێکەوە و لە ڕووی مەیدانییەوە خزمەت بە گەل بکات.

هەرچەند لەو ساڵانەدا کە پێی لە سەر خاکی خۆی بووە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێ، کاری کردووە و خزمەتی بە گەل و نیشتمانی خۆی کردووە،لە دانانی قوتابخانە و فێرکردنی زمانی کوردییەوە بگرە هەتا هەموو بوارەکانی دیکە.

ئەو حیزبە بە هۆی هەمیشە لەخەباتدابوونی،نەیتوانیوە بەرنامە و گەلاڵە پێشکەوتووەکانی خۆی لە ئاستی گشتیدا پیادە بکات و خەڵکی لە سەر بار بێنێ بەڵام توانیویەتی لە بابەت سازمانی و حیزبییەوە،ئەو بەرنامە پێشکەوتوو و مرۆڤانە و ئەوڕۆییانە پیادە بکا و لە چوارچێوەی حیزبیدا نەهادینەیان بکات و لەو چوارچێوەیەدا و لە سەر ئەو بەرنامە پێشکەوتووانەدا کەسانی پەیوەستبوو بە شۆڕش بار بێنێ و بە باشترین شێوە پەروەردەیان بکات.

پەروەردە لەباری سیاسی و نەتەوەیی، پەروەردە لە باری کۆمەڵایەتییەوە، پەروەردەی نیزامی و ... هتد.

حیزبی دێموکرات،قوتابخانە و مەکتەبێکە کە تا ئێستا هەزاران قوتابی و مامۆستای بووە و دامەزرێنەری ئەو مەدرەسەیە،پێشەوا قازی محەممەد بووە و کەسانی وەکوو سمایل شەریفزادە،د. قاسملوو و د.شەرەفکەندی و دەیان ئۆستوورەی دیکە لەو قوتابخانەیەدا مامۆستا بوون و ئەو حیزبە لە ڕێگەی ڕزگاری خاک و سەربەستی گەلێکی چەوساوەدا، دەریایەک خوێنی بەخشیوە.

پەروەردە لە حیزبی دێموکراتدا، پرۆسەیەکە کە ڕاستە بە شێوەی سازمانی و حیزبی بەڕێوە دەچێ بەڵام زۆربەی سەرچاوەگرتوو لەو سیستەمە پەروەردەییەیە کە لە دنیای پێشکەوتووی ئەوڕۆدا بوونی هەیە.

پەروەردەی حیزبی دێموکرات، ئیدئۆلۆژیکوار نییە.

سیستمی پەروەردەیی حیزبی دێموکرات مێشکی مرۆڤەکانی کۆمەڵ داگیر ناکات بەڵکوو بە ڕێکخستنیان دەکات و لەڕاستیدا ئامانجی ئەو سیستەمە وەئاگاهێنانەوە و ئامادەکردنی مرۆڤی هوشیارە.

داگیرکردن بەو مانایە کە تەنانەت لەباری نەتەوەییشەوە، مرۆڤەکان بەندی پەروەردەی خۆی ناکات و لە هەموو بارێکەوە مرۆڤ ئازادە، هەرچەند کە ئەو پەروەردەیەی بەڕێوە دەچێ هەر چۆنێک بێ ڕەنگی حیزبی پێوەیە و ڕەنگە لەگەڵ هەر حیزب و سازمانێکی دیکە جیاوازی هەبێ بەڵام لە هەر حاڵدا ئامانجدار نییە کە مرۆڤ گوێ لە مست بار بێ.

لەباری سیاسییەوە، تاک لە حیزبی دێموکراتدا، وێڕای ئەوەی سیاسەت و بەرنامە و پێڕەوی ئەو حیزبە دەبێ فێر ببێ و بیزانێ و موتاڵای تایبەتی لە سەر بەند بە بەندی هەبێ بەڵام ڕێگە لە مێشک ناگیرێ کە تەنیا بە شوێن یەک ڕێبازی فکریدا بچێ و تەنیا خوێندنەوە لە سەر یەک تەوەر یا یەک فکر بکات.

بەپێچەوانەی هەندێک سازمان و ڕێکخراوی دیکە کە دەیان بەربەست و سنوور بۆ تاک دادەنێن لە حیزبی دێموکراتدا مرۆڤ،مۆرە نییە!

ئازادە و لەگەڵ خوێندنەوەی بیری نیشتمانی و سیاسی خۆی، دەبێ ئاگاداری هەر چەشنە بیر و فکرێکی مەوجوود بێ تەنانەت دوژمنیشی.

مرۆڤی ئیدئۆلۆژیک یان گوێ لە مست لەباری سیاسییەوە ناتوانێ خاوەن فکر و داهێنەر بێ و بشتوانێ تەنیا لە یەک ڕێڕەوی فکریدا کە سەرچاوەی تایبەت پێی دەدا، دەتوانێ داهێنەری خۆی نیشان بدات. لە حیزبی دێموکراتدا هیچ چەشنە بەربەستێک بوونی نییە کە تاک نەتوانێ یان ترسی هەبێ لە داهێنانی فکر یان تەنانەت ڕەخنەی یەکجار ئەساسی و بنەڕەتی؛ لەڕاستیدا حیزبی دێموکرات،مرۆڤ لە سەر ئەساسی ترس بار ناهێنێ.

لە حیزبی دێموکراتدا ئیختیار هەیە.

ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر کەس هەرچی پێی خۆش بوو بیکات بەڵکوو بەو مانایەیە کە ئەو حیزبە بە هیچ شێوەیەک هێزی بڕیارت لە دەس دەرناهێنێ.

ئەو حیزبە ڕێگا و مێتۆد و مەسیری خۆی هەیە و بە تاک یا ئەندامانی خۆی دیکتە دەکات بەڵام ڕێز بۆ بڕیاری تاکەکان دادەنێ و لە بۆچوون و بڕیاری هەر تاکێک کەڵک وەردەگرێ بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکان و لە ڕاستیدا لە حیزبی دێموکراتدا شایستەسالاری باوە.

هەڵسوکەوتی حیزبی دێمۆکرات،لە سەر بناغەی ڕێز دامەزراوە.

شەهید د.قاسملوو دەڵێ: ئێمە تا ئەو جێگایە ڕێز بۆ بەرانبەرەکانمان دادەنێین کە ئەسلەحەمان بەرەوڕوو نەگرن.

ڕەنگە هەتا دوێنێ،هەر یەکێک لە ئێمە کاردانەوەی توندمان لە بەرانبەر دەنگە جیاوازەکان،بیروڕا جیاوازەکان هەبایە و پەسەندی بیرو فکری جیاوازمان نەکردبا بەڵام پەروەردەی حیزبی دێموکرات فێری ئەوەت دەکا کە هیچ بیر و فکرێک بە تەنیا موتڵەق و ڕەها نییە و هەر دەنگ و بیروڕایەک چ سیاسی یا ئایینی یا هەر ئیدە و باوەڕێکی دیکە،جێگای ڕێزن و بێڕێزی قەدەغەیە بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو مەکتەبە ڕێ لەوە ناگرێ کە بە هێنانەوەی دەلیل و لە ڕێی ئیستدلال و بەڵگەهێنانەوە و لە ڕێی ئوسوولی و پاراستنی پرەنسیپ و ئوسوولی زمان و ئەدەب و ئێحترامەوە، وڵامی بیروڕا جیاوازەکان و بیروبۆچوونە ناڕاستەکان لە سەر ئەو مەکتەبە نەدرێتەوە.

حیزبی دێموکرات،مرۆڤ خۆبەزلنەزان و خاکەڕا بار دێنێ.

ئەگەر کەسێک هەتا دوێنێ هەستی شەڕانگێزی لە دەروندا بوو و خۆی بە زل دەزانی،سیستمی پەروەردەی حیزب وا لە تاک دەکات کە کەسەکە لەو هەستە بێتە خوارێ و ڕەچاوی ئەدەب و ئێحترام ببێتە یەکەم قسە و هەڵسوکەوتی سەرچاوەگرتوو لە مرۆڤ.

ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لە حیزبی دێموکراتدا ئەوەندە زاڵە و بە دروستی بەڕێوە دەچێ کە هەموو ئەو ڕەفتار و کردارانەی کە زەینی کۆمەڵگا لەگەڵیان لە دژایەتیدایە و لەگەڵ فۆرمی ڕەفتاری کۆمەڵگا یەک ناگرنەوە، ئەو دوورییان لێ دەکات و مرۆڤی کورد لە حیزبی دێموکراتدا نیوەی پەروەردەی سەرچاوەگرتوو لە ئەرزش و بەها فەرهەنگی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و نیوەی دیکەشی سەرچاوەگرتوو لەو بەرنامە و ڕێسا پێشکەوتووانەن کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا وەرگیراون کە ڕەنگە لە زۆر بارەوە پەسەندی کۆمەڵگاش نەبن بەڵام وردە وردە جێ دەگرن.

حیزبی دێموکرات،بە کۆمەڵایەتیت دەکا.

ئەگەر هەتا دوێنێ گۆشەگیر بووی و خۆت لە کۆمەڵ دوور دەخستەوە،لەو مەکتەبەدا فێری فەرهەنگی هاوڕێیەتی و هاوسەنگەری و یەکیەتی و یەکبوون دەبی.

ئەگەر نانێکت هەبوو،پێت خۆشە لەگەڵ هاوڕێکانت بەشی بکەی و کەس بێبەش نەکەی.

ئەگەر پووڵ و پارەیەکت هەبوو،نەک تەنیا هی خۆت بەڵکوو بەماڵی هەمووانی دەزانی و پێت خۆشە لە دەرد و مەرگی هەمووانی بدەی. ئەگەر جلکێکت هەبوو،پێت خۆشە هەموو کەسانی دەوروبەرت کەڵکی لێوەربگرن، ئەو شتانەی هەتا دوێنێ پێت عەیب بوو لەبەریان بکەیت، ئەوڕۆ لەبەریان دەکەیت، بۆچی؟!

لەبەر ئەوەی هەستی هاوسۆزی و هاودڵیت بەهێزتر دەبێ. بۆچی؟! لە بەر ئەوەی مرۆڤ لە حیزبی دێموکراتدا، لە چوارچێوەی شەخسیگەری دێتە دەرێ و فێر دەبێ کە هەر شتێک هەبوو بە تەنیا هی کەسێک نییە و هی هەمووانە.

لە بەر ئەوەی مرۆڤ ژیانێکی ئاسایی و سادەی نییە کە لەگەڵ کۆمەڵە کەسێک بەڕێوەی ببات بەڵکوو خەریکە لەگەڵ ژیان،خەبات دەکا و خەباتیش تەنیا بۆ کۆمەڵە کەسێک ناکات بەڵکوو لە پشتی خەباتی ئەو بە میلیۆنان مرۆڤ بوونیان هەیە و چاویان لێیەتی.

حیزبی دێموکرات ڕێکخراوێکی چەکدار و نیزاممەند و بەدیسیپلینە

لە حیزبی دێموکراتدا، مرۆڤ وێڕای هەموو بوارەکانی پەروەردەیی لە باری سیاسی،نیشتمانی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، فێری ئەسوول و پرەنسیپە نیزامییەکان و فێری بەکارهێنانی چەک دەبێ. فێری ڕێکوپێکی و ڕەچاوکردنی نیزام و دیسیپلین دەبێ و هەموو کارەکانی بە ڕەچاوکردنی ئەسوول و یاساوڕێسا نیزامی و ئیدارییەکان بەڕێوە دەچن.

هەر چەند فەرهەنگی شەڕی چەکداری یان پەروەردەی نیزامی بە دڵخوازی ئەو حیزبە نەبووە و لە قۆناغێکی زەمەنی تایبەتدا بە سەریدا سەپاوە دەنا لە سەرەتادا کە ئەو حیزبە دامەزرا،بە دەستی کەسانێک دامەزرا کە چەند کەسێکی پەنجەبژێری لێ بەدەر دەنا هیچیان نیزامی نەبوون و دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە زۆربەیان لە توێژی فەرهەنگی کۆمەڵگا بوون.

ئەو حیزبە لەگەڵ ئەوەی ئێستا چەکی بە دەستەوەیە و شەڕی چەکداری دەکات بەڵام خەباتی سەرەکی و ئەسڵی ئەو حیزبە هەر بۆ ئاشتییە و لەو ڕێگایەدا قوربانی زۆری بۆ داوە.

فەرهەنگی ئاشتی و پێکەوەژیان وەکوو تابلۆیەک وایە کە حیزبی دێموکراتی پێ دەناسرێتەوە و ئەو حیزبە پێش ئەوەی تاکەکان فێری ئوسوول و یاسا نیزامییەکان و هونەری شەڕ بکات، فێری ئاشتی و ڕێزگرتنی هەمەلایەنە و پێکەوەهەڵکردن و برایەتی و بەرابەرییان دەکات و ئاشتی و بەرابەری بۆی لە ئەولەوییەتدایە.

بە بڕوای حیزبی ئێمە دەنگی ئازادی تەنیا لە لوولەی چەکەوە نابیسترێ بەڵکوو ئازادی و ڕەهایی پێویست دەکا کە لە بنیادەوە کاری بۆ بکرێ و فەرهەنگ و شێوەی ئازادی و ڕەهایی لە مێشکی هەر تاکێکدا دروست بکرێ و دواتر هەوڵ بۆ وەدیهێنانی بدرێ کە حیزبی دێموکرات خەریکی چەسپاندنی ئەو شێوە فەرهەنگەیە و وەکوو گوترا بە ناچاری دەستی بۆ چەک بردووە و لە ڕووی مەجبوورییان خۆی فێری شەڕ کردووە ئەویش نەک شەڕ بۆ شەڕ بەڵکوو شەڕ بە مەبەستی بەرگری کردن،ئەوەش نەهادینەبوون و بەکردەیی کردنی ئەو وتە بەنرخەی د.قاسملوو دەسەلمێنێ لە مەکتەبی دێموکراتدا کە ڕێنمایی گەلی خۆی دەکات و دەفەرمێ: منداڵەکانتان فێری شەڕ مەکەن،بەڵکوو فێریان بکەن،دیفاع لە خۆیان بکەن.

**ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لە حیزبی دێموکراتدا ئەوەندە زاڵە و بە دروستی بەڕێوە دەچێ کە هەموو ئەو ڕەفتار و کردارانەی کە زەینی کۆمەڵگا لەگەڵیان لە دژایەتیدایە و لەگەڵ فۆرمی ڕەفتاری کۆمەڵگا یەک ناگرنەوە، ئەو دوورییان لێ دەکات و مرۆڤی کورد لە حیزبی دێموکراتدا نیوەی پەروەردەی سەرچاوەگرتوو لە ئەرزش و بەها فەرهەنگی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و نیوەی دیکەشی سەرچاوەگرتوو لەو بەرنامە و ڕێسا پێشکەوتووانەن کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا وەرگیراون کە ڕەنگە لە زۆر بارەوە پەسەندی کۆمەڵگاش نەبن بەڵام وردە وردە جێ دەگرن**

**بە بڕوای حیزبی ئێمە دەنگی ئازادی تەنیا لە لوولەی چەکەوە نابیسترێ بەڵکوو ئازادی و ڕەهایی پێویست دەکا کە لە بنیادەوە کاری بۆ بکرێ و فەرهەنگ و شێوەی ئازادی و ڕەهایی لە مێشکی هەر تاکێکدا دروست بکرێ و دواتر هەوڵ بۆ وەدیهێنانی بدرێ کە حیزبی دێموکرات خەریکی چەسپاندنی ئەو شێوە فەرهەنگەیە و وەکوو گوترا بە ناچاری دەستی بۆ چەک بردووە و لە ڕووی مەجبوورییان خۆی فێری شەڕ کردووە ئەویش نەک شەڕ بۆ شەڕ بەڵکوو شەڕ بە مەبەستی بەرگری کردن،ئەوەش نەهادینەبوون و بەکردەییکردنی ئەو وتە بەنرخەی د.قاسملوو دەسەلمێنێ لە مەکتەبی دێموکراتدا کە ڕێنمایی گەلی خۆی دەکات و دەفەرمێ: منداڵەکانتان فێری شەڕ مەکەن،بەڵکوو فێریان بکەن،دیفاع لە خۆیان بکەن**

# مانگرتنی کرێکاران هەنگاوێک بەرەو ڕزگاریی یەکجاری

زاگرۆس

لنەوت وەک شادەماری ئەسڵی ئابووریی ئێران هەمـوو کات گرنگییەکی تایبەتی بـۆ حکوومەتـە سـەرەڕۆکانی ئـەم وڵاتـە هەبـووە و بـە هەر ڕێکارێک هەوڵیان داوە تاکـوو نەهێڵـن هیـچ ئاستەنگییەک لە بەرانبەر وەبەرهێنان و فرۆشتنی ئازادانەی نـەوت و بەرهەمـە نەوتییـەکان درووست ببێت.

لـە سـاڵی ئاخری حکوومەتی سـەرەڕۆی پاشـایەتیدا بـە بـاوەڕی زۆر کـەس دەس لەکارکێشـانەوە و مانگرتنـی کرێکارانی پیشەسـازی نـەوت یەکێـک لـە فاکتەرە گرینگەکانـی لەنێوچوونـی سیسـتمی پاشـایەتی و چۆکدادانـی بـوو لەهەمبـەر خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵاتەکەماندا.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، کرێکارانـی پیشەسـازیی نـەوت و گاز نەیانتوانیبوو ناڕەزایەتییەکی گشـتگیر و یەکدەنگـی ئەوتـۆ بۆ وەدەسـهێنانی مافە ڕەواکانیـان ڕێـک بخـەن و دەسـەڵات بـە پێدانـی مووچەی زیاتـر بەبەراورد لەگەڵ کرێکارانی دیکە و هێزی زەبر و سەرکوت پێشی بە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی لەم بەشـە گرینگـەی ئابووریدا گرتبوو؛ بەڵام لـە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوودا ڕێژەیەکـی یەکجـار زۆر لـە کرێکارانـی بەشـی نەوت و گاز و پێترۆشـیمی دەسـتیان دایە مانگرتن و لە ماوەی کەمتر لە دە ڕۆژدا بەپێـی هەواڵەکان زیاتـر لە ٧٠ کۆمپانی لـە شـارە جیاوازەکانـی ئێران کە بـەراورد دەکرێـت نزیـک بە ٣٠هەزار کرێکار ببن، پەیوەسـت بـەم مانگرتنانـە بـوون کـە بـە مانگرتنی ١٤٠٠ ناودێر کراوە و دەسـتیان لـە کارەکانیـان کێشـاوەتەوە کـە ئەمە لە نموونـەی خۆیـدا لە چل سـاڵی ڕابردوودا شتێکی بێوێنەیە.

کەمبوونـی مووچـەی مانگانـە بـە نیسـبەت هەڵاوسانی بازاڕ، ڕێژەی زۆری کرێکارانـی گرێبەسـتی و پەیمانـی و نەبوونـی ئەمنییەتـی پیشـەیی، نەبوونـی پشـووی پێویسـت لـە بەرانبـەر ڕۆژانـی کارکردنـدا( ٤ ڕۆژ پشـوو لـە بەرانبـەر ٢٦ ڕۆژ کار) و هەروەهـا ئەمنییەتـی کردنـی شـوێنی کارەکان و لەسـەرکار لابردنی کرێکارانی مافویست و نەبوونی ڕێکخـراوەی سـەربەخۆی پیشـەیی بەشـێک لـەو خواسـتانەن کـە کرێکارانی بەرەو مانگرتن هان داوە.

بەپێـی هەندێـک سـەرچاوە هـەر چەنـد ڕۆژ دوای دەستپێکردنی ئەم مانگرتنانە ٧٠٠ کرێکاری گرێبەسـتی پێترۆشـیمی تـاران بەهـۆی نەچوونـە سـەرکار لـە سـەر کارەکانیـان دەرکـراون. ئەمانە و بارودۆخی نالەباری سەرجەم کۆمەڵگای ئێران و کوردسـتان دۆخەکـە بـەرەو ئاراسـتەیەک دەبـات کـە ناڕەزایەتـی و مانگرتنـە پیشـەیی و مەعیشەتییەکان ڕۆژ بـە ڕۆژ زیاتـر پـەرە بسـتێنێت و ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو لێواری لەناوچون و نەمان ببات.

هەر لە پاڵ مانگرتنی کرێکارانی بەشی نەوتـدا بـاس لـە ناڕەزایەتـی بەشـێک لە پەرەسـتاران و کرێکارانـی شـارەداری و ڕاننـدە کامیۆنەکانیـش دەکـرێ و کرێکارانـی کوردسـتانیش لە شـارەکانی ئیـلام و ورمـێ و کرماشـان و بیجـار بەشـێک لەم کرێکارە ناڕازییانە لە بەشە جیاوازەکاندا پێک دێنن.

هەرچەنـد مانگرتـن و ناڕەزایەتـی کرێکارانـی نـەوت لـە تەمەنـی نزیـک بـە نیوسـەدەی کۆمـاری ئیسـلامیدا دیاردەیەکـی بێوێنەیە بـەڵام با لە بیرمان نەچێـت کـە لـە مـاوەی چلودووسـاڵی ڕابـردوودا چەندیـن مانگرتنـی مەزنـی وەک دەس لـە کارکێشـانەوەی شـۆفیر ئوتوبوسـەکانی نێـو شـار و ڕاننـدە کامیۆنـەکان و مامۆسـتایانی قوتابخانە و زۆری دیکـەش لـە سەرانسـەری ئێراندا بەڕێوە چووە کە بەپێنج هۆکاری

١. زەبروزەنگ و سەرکوت
٢. نەبوونـی پـلان و وێنانەکردنـی داهاتویەکی ڕوون لەلایەن ئۆپۆزیسیونەوە بۆ دواڕۆژی ئەم مانگرتنانە
٣. ناڕێکخراوەیی بوون
٤.نەبوونـی پشـتیوانی سەرانسـەری لـەم مانگرتنانـە لەلایـەن چیـن و توێژەکانـی دیکەی کۆمەڵگا
٥. دووبەرەکـی پێکهێنانـی کۆمـاری ئیسـلامی لەنێـو کرێکارانـی مانگرتوودا




بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی کـە ئـەم مانگرتنانـە بە ئامانجی دڵخوازی خۆیان نەگەن.

هەرچەنـد مانگرتنـی ئـەم دوایـەی کرێکارانـی نـەوت بەبـەراورد لەگـەڵ مانگرتنەکانی دیکە پشتیوانی زیاتری خەڵکـی کۆمەڵـگا لـە چیـن و توێـژە جیاوازەکانی لە پشـتە و بەخۆشحاڵییەوە دەبینیـن کـە ئـەم مانگرتنـە پشـتگیری زۆرێـک لە خەڵـک و لایەنە جیاوازەکان و تەنانـەت دایکـە جەرگسـووتاوەکانیش کـە ڕۆڵەکانیـان بـە دەسـتی کۆمـاری تیرۆریسـتی ئیسـلامی لەدەسـت داوە بـەدواوە بـووە، بـەڵام وەک کەتوارێکـی تـاڵ دەبـێ ئامـاژەی پێبکەیـن کـە ئـەم مانگرتنـەش لـەو پێنج کەمایەسـی و خاڵـە لاوازەی کە لە سـەرەوە بـۆ سـەرنەکەوتنی مانگرتنـەکان باسـمان کـرد لانیکـەم بـە دەس چواریانـەوە هـەر دەناڵێنـێ؛ هـەر بۆیـە پێویسـتە هـەوڵ بـۆ نەهێشـتنی خاڵـە لاوازەکانـی مانگرتنەکانی پێشـوو بدرێـت تـا کۆمـاری ئیسـلامی دیسـانەوە بە ئامرازی سـەرکوت نەتوانـێ داخوازییـە ڕەواکانـی خەڵکـی هـەژار و کەمداهـات سەرکوت بکات.

لەباری وڵاتی داگیرکراوی خۆشمانەوە کـە کرێکارانی مانگرتووی بەشـێک لە کرێکارانـی مانگرتوو پێکدێنن پێویسـتە لەلایـەن هەمـوو چیـن و توێژەکانـەوە پشـتیوانیان لـێ بکرێـت و نەهێڵـن کـە کرێکاران بە تەنیا لەم مەیدانەدا بمێننەوە و سـەرکوت بکرێـن. نابێـت ئەو مەسـەلە لەبەرچـاو ون بێـت کـە تـا کاتێـک کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نگریس و فەشەلەکانی لەسەر کار بێت بەدڵنیاییەوە کرێـکاران و باقـی چیـن و توێـژەکان ناتوانن بە مافەکانیان بگەن و هەژاری و کەمداهاتـی ئەمڕۆ یان سـبەی بەرۆکی زۆرینـەی هەرە زۆری خەڵک دەگرێت.

لـە دۆخێـکدا کـە زیاتـر لـە نیـوەی خەڵکانـی ئێران لەژێـر هێڵـی هەژاریـدا دەژیـن و گەندەڵـی وەک نەخۆشـینێکی چارەسـەرنەکراو تـەواوی جمگەکانـی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گرتووەتەوە و ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ جیـاوازی چینایەتی زیاتـر پـەرە دەسـتێنێت پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییەمان لـە بەرچاو بێـت کە نەمانی کۆمـاری ئیسـلامی و هێنانەئـارای سیستمێکی ئازاد و دێموکراتیک یەکەم هەنـگاوی کەمکردنـەوە و نەهێشـتنی کەلێنـە گەورەکانـی نێوان چیـن و توێژە جیاوازەکانـی نێـو کۆمەڵگایـە و بـە پەیڕەوکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پەسـەندکراو لـە ئەساسـنامەی حیزبدا هەرچی زیاتر بەرەو دابینکردنی عەداڵەت و بەرابـەری هەنـگاو دەنێیـن و ئەرکـی ڕاسـانیانە کە لە ڕێکخستنی کرێکاراندا بەپێـی نەهێشـتنی چەوسـاندنەوەی مرۆڤ بە دەسـتی مـرۆڤ و پێکهێنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دێموکراتیک لە دواڕۆژدا و ڕاکێشانی سەرنجی گشت چیـن و توێـژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بۆ پشـتیوانی لە کرێـکاران خاڵە لاوازەکانی مانگرتنەکانـی پێشـوو نەهێڵـن و هەنگاو بـۆ ڕزگاری یەکجـاری لـە زاگـرۆس و وڵاتی کۆلۆنی کراومان بنێن.

وەک ڕاسـتییەکی مێژووییـش نابێـت لە بیرمـان بچێـت کـە هەرچەنـد لـە سـاڵی ٥٧دا مانگرتنـی کرێکارانـی نـەوت دەورێکـی مەزنی لە ڕووخانی دەسـەڵاتی پاڵەویـدا گێـڕا، بـەڵام ئەوە ڕێکخسـتنی چەکـداری چریکـە فیداییـەکان بوو کە ئاخریـن بزماری لە تابوتی ئەو دەسـەڵاتە نگریسـە دا؛ هـەر بۆیـە پێویسـتیەکی حاشـاهەڵنگرە کـە ڕاسـانی شـاخ وەک پشـتیوانێک بـۆ ڕاسـان و جمانـی شـار دەبێـت ئامـادە بێـت و بـە پشـتیوانی و هاوەدنگـی خـۆی هەرچـی زیاتـر بـۆ داخوازییە ڕەواکانـی کرێکاران و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەرببڕێت و بـە ئامادەبوونی زیاتری لە گۆڕەپانەکەدا هیـوا و دواڕۆژی ڕوون بـۆ هەمووان وێنا بکات.

> **نەمانی کۆماری ئیسلامی و هێنانەئارای سیستمێکی ئازاد و دێموکراتیک یەکەم هەنگاوی کەمکردنەوە و نەهێشتنی کەلێنە گەورەکانی نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگایە و بە پەیڕەوکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پەسەندکراو لە ئەساسنامەی حیزبدا هەرچی زیاتر بەرەو دابینکردنی عەداڵەت و بەرابەری هەنگاو دەنێین و ئەرکی ڕاسانیانە کە لە ڕێکخستنی کرێکاراندا بەپێی نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و پێکهێنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دێموکراتیک لە دواڕۆژدا و ڕاکێشانی سەرنجی گشت چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بۆ پشتیوانی لە کرێکاران خاڵە لاوازەکانی مانگرتنەکانی پێشوو نەهێڵن و هەنگاو بۆ ڕزگاری یەکجاری لە زاگرۆس و وڵاتی کۆلۆنی کراومان بنێن**

# منداڵان و هەڵبژاردنەکانی ١٤٠٠ی ڕێژیم

شەیدا ڕەسووڵ دنخە

هەڵبژاردنەکانـی ١٤٠٠ی هەتـاوی بـۆ ڕێژیمـی ئێـران سـەرەڕای ئەوەیکـە وەک گرینگترین پێشـهاتەی دەستپێکی سەدەی نـوێ تەنیـا بەسـتە بـە بابەتـی سیاسـی نەبـووە بەڵکـوو پەراوێـزی زۆری بـەڵاوە هەبـووە؛ یەکێـک لەوانـە بەشـداریکردنی ئـەو منداڵانە لـە هەڵبژاردنەکاندا بوو کە لەگـەڵ بنەماڵەکانیان چبوونە بنکەکانی بەنـاو دەنگـدان و بـە جێـگای دایـک و بابیان بەرگەکانی دەنگدانیان لە سـندووق هاویشتبوو.

ئـەوە باسـێکی زۆر بەربەرینـە ئەگـەر بمانهـەوێ بەگشـتی لـە بـواری دەروونناسـییەوە باسـی لێ بکەین و بزانین چ باندۆڕێکـی لەسـەر داهاتـووی ئـەو منداڵانە هەیە.

بەشـداری پێکردنـی منـداڵان لـە هەڵسـوکەت یان کاروباری گەورەکاندا بە گشتی کارێکی هەڵەیە بەڵام ئێمە بە بێ ئەوەیکـە ئاگاداری ئەنجامەکەی بین ئەو کارە ئەنجام دەدەین.

ئێمـە لـە ڕووی خۆشەویسـتی زۆرمـان بە منداڵەکانمـان و زۆرکاتیـش پێمـان جوانن یا جاری وایەش بۆ ئەوەیکە بڵێین منداڵی ئێمە لە منداڵی کەسانی دیکە لەسەرترن، منداڵانمان بەپێچەوانەی ویسـتی خۆیان و ئاگاداری، ناچار بە کارێک دەکەین کە دەتوانـێ داهاتـووی منداڵەکەمـان وێـران بکات.

ئایـا ئێمـە هیـچ کات بیرمـان لـەوە کردووەتـەوە کـە بزانیـن منداڵەکانمان چ هەسـتێکیان بەنیسـبەت داخوازییەکانـی ئێمـە هەیـە؟ ئایـا منداڵانـی ئێمـە وەک کەرەسـتەیەک بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی خۆمـان نین؟ ئایا سـبەی ئەگەر گەورەبوون و پرسـیارمان لێ بکەن بـۆ ئـەو کارانەمـان پـێ کردوونـە هیـچ وڵامێکمان هەیە یا وڵامەکەمان دەتوانێت ڕازییان بکات.

لێـرەدا باشـە ئامـاژە بکەیـن، کاتێـک بـاس لـە منداڵئـازاری دەکرێـت بـەر لـە هەموو شـتێک بیرمان بۆ لای کەسـانی بیانـی دەچێـت بێئـاگا لەوەیکـە ئێمـەی دایـک و بـاب یەکەمیـن کەسـین کـە منداڵئـازاری دەکەین و لـە دونیای بەرەو مۆدێرنی ئەمڕۆدا لە سەرەکیترین جۆری منداڵئازاری دانانی وێنەی منداڵەکانمان لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـە کـە بەر لە کەسـانی دیکە لەلایـەن ئێمەی دایک و بابەوە ئەنجام دەدرێت.

دەمهـەوێ بـاس لـە دوو حاڵـەت بکـەم؛ یەکـەم دانانـی وێنـەی منـداڵ لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و دووهەم ئەنجامدانی کارێک بە منداڵ کە هیچ پێوەندییەکی بـە منـداڵان و بەتایبـەت منداڵانـی ژێـر تەمەنی یاسایی نییە.

لـە ڕۆژانـی بەنـاو هەڵبژاردنەکانـدا شـاهیدی ڕووداوێـک بووین کـە زۆر بە ئاسایی دەبینـدرا بـەڵام ئەگـەر بـەوردی چاومـان لێکردبا زۆر سـەرنجڕاکێش بوو. ئـەو ڕووداوە وێنـەی منداڵانـی نزیـک بـە تەمەنـی ١٠ سـاڵ بـەرەو خـوارەوە و تەنانـەت منداڵانـی ژێـر یـەک سـاڵ و ناسنامەبەدەسـت بـوو کە لەگـەڵ دایک و بابیـان هاتبوونـە بنکەکانی دەنگدان و بـە جێـگای دایـک و بابیـان بەرگەی دەنگدانیـان لـە سـندووق هاویشـتبوو؛ دواییـش وێنـەی ئـەو منداڵـە ناسـنامە بەدەسـتانە بە شانازییەکی زۆرەوە لەلایەن هەواڵدەرییەکانـەوە لەسـەر ماڵپـەڕ و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دانرابوون.

لێـرەدا ئەو پرسـیارە هەیە کە ئەو دایک و بابـە بۆچـی ئەو کارەیان کـردووە؟ بەو کارە دەیانهەوێ دڵی بەربژێرەکان ڕابگرن یـان بـە نیزام بسـەلمێنن کە تەنیـا نییە و هەردەم لەگەڵتین.

ڕێژیـم زۆر بـە فراوانـی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بانگەشـەی بـۆ بەشداریکردنی منداڵان لە هەڵبژاردنەکاندا دەکـرد بـۆ نموونـە لـە تـۆڕی قورعـان و مەعارفی سـیمای ڕێژیم منداڵانیان هان دەدا لـە هەڵبژاردنـدا بەشـداری بکەن ئەو کارەی ڕێژیم کارێکی سـەیر و سـەمەرە نییـە چـون بـۆ مانـەوەی دەسـەڵاتەکەی ئامادەیـە هـەر کارێـک بـکات و هـەر کەسـێکیش لـەو ڕێگایـەدا فیدا بـکات چـون هەروەک دەزانین باوەڕی بە مافی مرۆڤ نییە .

لەلایەکـی دیکـەوە کاتێـک هەڵبـژاردن لـە وڵاتێکـدا لـە ئارادایـە بـە جۆرێـک کەشـێکی ڕەوانـی لـە کۆمەڵـگا و بنەماڵەکانـدا زاڵ دەکات بەتایبـەت لـە وڵاتێکی وەک ئێران هەژاری، بێهیوایی، جیـاوازی و لە هەمـوان زیاتر هەڵبژاردن وک هیـوا بـۆ باشـترکردنی دۆزەخـی ئێسـتادا کێشـەی ڕەوانـی دەخاتـە سـەر کۆمەڵگا.

ئـەوە زۆر جێـگای سـەرنجە کـە لـە کۆمەڵگایەکـی لـەو جـۆرەدا کـە مافەکانـی مرۆڤ بە تایبەت (منداڵان) لەبەرچـاو ناگیرێـت ئـەو منداڵانـە چۆن دەتوانـن لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنەکاندا تەندروستی ڕەوانییان بپارێزن.

ڕێژیمـی ئێـران بە «مەبەسـتی فێرکاری مانـای «مـردم سـالاری دینـی» و نەهادینەکردنـی «کلتـوری بەشـداری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی» لـە کاتـی هەڵبژاردندا بانگەشەیەکی تایبەت بۆ ئەو لاو و مێرمنـداڵ و منداڵانـە دەکات کـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـداری بکەن؛ بە جۆرێک کە ئیزنیان پێ نادات لە ڕووی بیـر و پێگەیشـتنی خۆیـان بەوە بگەن کە بەشـداری بکـەن یـا نـا، ئەو شـتەی کە بـۆ ڕێژیـم گرینگە و لـە پێش چاوی ئەو منداڵانەدا زەقی دەکاتەوە و بە دروشـمی (رای اولی) و ئەوەیکە کە بەشداریکردن لـە هەڵبژاردنـەکان هەسـتێکی خۆشـی هەیـە، لـەو هەلـە کەڵکوەردەگرێـت و ئامارەکانی ڕێژەی بەشداربووان بەو جۆرە دەباتە سەرێ.

بەکورتـی ڕێژیـم بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی تەنانـەت ڕەحـم بـە منداڵانیش ناکات.

تەنانـەت لـە دەورەکانـی پێشـووی هەڵبژاردنەکانـدا بـۆ ئـەو منداڵانـەی کـە تەمەنیـان یاسـایی نەبـوو بەرگـە و سـندوقێکی دەنگدانـی تایبـەت بـە منداڵانیـان دانابـوو بـۆ ئـەو منداڵانـەی کـە لەگـەڵ دایـک و بابیـان دەهاتنـە بنکەکانـی دەنگـدان وەهتـا بـەو شـێوەیە دەنگ بدەن.

ڕێژیـم بـە بەشـداریکردنی منداڵان دەیهەوێ ئەو فکرە لە مێشکی منداڵاندا جێگیـر دەکات کـە لە ئێراندا بە شـێوەی دێموکراسـی تـەواو هەڵبـژاردن ئەنجـام دەدرێت.

بردنـی منـداڵان بـۆ سـەر سـندوقەکانی دەنگـدان و پێدانی شناسـنامە و بەرگەی دەنگـدان و گرتنی وێنـە لە منداڵەکانیان لەلایـەن فـارس و تـورک زمانـەکان شـتێکی زۆر سـەیروسـەمەر نییـە بـەڵام ئەنجامـی ئـەو کارە لەلایەن یەک کورد زۆر سەرسووڕهێنەرە کە ئەنجام بدرێت.

کاتێـک کە لە دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا جگە لە پێڕەوی شیعەی ئەسناعەشـەری ئیزنـی ئـەوەی نییـە ببێتـە سـەرکۆمار، دەنـگ و مەشـرووعییەت پێدان لەلایـەن نەتـەوە غەیرە شـیعەی خـۆی هەڵەیەکی گـەورە و تاوانـە، چ دەگات بەوەیکـە منداڵانیشـمان ببەینە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئایا ئەو دایک و بابانە هیچ فکریان لەوە کردووەتەوە کە دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە چ داهاتویـەک لـە پێش منداڵەکانیاندا دەبێت و تاوانـی ئەو منداڵانـە چییە کە سـبەی قامکی تاوانیان بۆ ڕابکێشرێت و پێـی بوترێت تۆ وێنـەت هەیە کە دەنگت بە دوژمنی کورد داوە.

ئەگەرچی دایک و باب شوێندانەرییەکی باشـیان هەیـە بۆ بەکۆمەڵایەتی کردنی منـداڵان و کۆمەڵناسـانیش لەسـەر ئـەو باوەڕەن کە شەخسـییەتی سیاسـی یەک منـداڵ لە ڕێـگای بنەماڵە و قوتابخانەوە دروست دەکرێت.

ئێمـەی دایـک و بـاب دەبـێ ئـاگادار بیـن کـە مافـی منداڵەکانمـان بپارێزیـن و بێڕێـزی بـە چوارچێـوەی تاکەکەسـی منداڵەکانمـان نەکەیـن و بـە ئەنجامدانی هێندێـک کار نەبینە هۆکاری ئازاردانی ڕۆح و جەستەی منداڵەکانمان.

ئێمـە دەبـێ بزانیـن کـە دروسـتە ئـەو منداڵانەمان بە دونیا هێناوە بەڵام ئەوە بەو مانایـە نییە کە ئێمـە خاوەن و بڕیاردەری تەواوی ژیانی منداڵەکانمانین و ئەوانیش مافـی خۆیانـە ئەزمـون بکـەن و بـاش و خراپی ژیانیان بۆ خۆیان دیاری بکەن.

لەکۆتاییـدا تەنیـا دەڵێـم هەنوکـە ٢٠ لەسـەدی منداڵانـی ئێـران دەرگیـری کێشەی ڕەفتاری و ڕەوانین کە بەشێکی زۆر لە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یاسا و نەبوونی پەروەردەیەکی باشـی دایک و باب و کۆمەڵگا.

# «سبەی لێرەن»



ئێوە سبەی لێرەن
لەگەڵ یەکەم کازیوەی بەیانی
لەگەڵ یەکەم شکستی ڕیزەکانی لەشکری تاریکی
ئێوە سبەی
بەر لەوەی فریشتەکانی کوشتار هەستن لەخەو
ڕابوونە و
بە هیوایەکی تینوو بە ئازادی و
هەنگاوێکی یاخی شەڕی مانەوەی ڕووناکی دەکەن.
ئێوە سبەی لێرەن
ئێوە هەر ئێوە کە مەرگ بە باڵاتان نامۆیە
لە دەروازەی شارەکانی شیوەن تێپەڕ دەبن
بەر لەوەی ڕێگری شەڕگەکان بە کۆڵی پشتتان بزانن
بەر لەوەی پاسەوانانی سنوور ژمارەی فیشەکەکانتان ببژێرن
ئێوە سینگی سنوورتان دڕیوە
بەر لەوەی بێکەرامەتانی چاوساخ ژمارەتان بۆ ئەربابەکانیان بنێرن
ئێوە دەرگای چوونەژووری نیشتمانتان بڕیوە

ئێوە سبەی لێرەن
سبەی بەر لەوەی چاوەکانی ئەم دیوەی هەسارەی ناعەداڵەتی هەستن لەخەو
لێرەنە و حوکمی ئێوەیە لەسەر پشتی یاسا سوار دەبێ
ئێوە بەیانی لێرەن
بەر لەوەی سێدارە لە چەکوچی دادوەرێکی نادادپەروەر لەدایک بێت
ئێوە بەیانی دێن و چاوی ئەو تفەنگانە کوێر دەکەن کە وشەی سنووریان
لەجێی شوناسی نیشتمان نووسی
ئێوە بەیانی دێن و هەرچی پەتکە ئەتکی دەکەن
سبەی کە هێشتا دەریاکوژان چاویان بە خەوەوە بەسراوەتەوە
ئێوە مەلەیەک لە جنسی سەربەستی فێری ماسییەکان دەکەن
سبەی لێرەن، سبەی لێرەن و ئاسۆ شادە بە بوونتان
سبەی لێرەن و ڕۆژ ئاسوودەیە کە ئێوە بەسەر باڵایدا ڕێگا دەبڕن !!
شەو لە دەستی ڕەشی شەیتان بهێننە دەر،
شەو بخەنە دەستی پاکی هەتا بۆ دووبەیانی لەشی ژین لە غوسڵی ئێوەدا
پیسیی دیلی فڕێ بدات
سبەی ڕۆژی هەڵاتنی کفنفرۆشانە
سبەی ڕۆژی ڕاوکردنی کێلپەرەستەکانە
پەرژینی ئەم کاکێشانە تاریکە بدڕن
کە خۆرەکانی تیشکی خۆیان فرۆشتووە
جلی ئەم ئاسمانە بێ شەرمەی ڕەنگی شینی کوشت دابدڕن
هەتا گەورەبوونی قەهری ئەم ئازارە مەخەون
هەتا پانتایی ئەم نیشتمانە نەپێون مەخەون
ئێوە سبەی لێرەن
سبەی بەر لەوەی شەڕ ماڵەکانی ئاشتی بڕووخێنێت
ئێوە سبەی لێرەن
بۆ ئەوەی زەوی لەخوێنی ئێوە
ئەو جەنگاوەرانە درووست بکات کە داهاتوو زەمانی ڕەشی ڕابردووی پێ بێ
زمان کات
ئێوە جەنگاوەرانی ئاشتی بەیانی دێن و شەڕپەرەستان لێرە دەردەکەن
بەیانی دێن
بەر لەوەی هیچ باڵندەیەک فڕینی بیر بێتەوە، ئاسمان بە فڕین دەتەنن
بەر لەوەی ڕووبار چاوی بکاتەوە ئێوە بە زەویدا ڕۆدەچن
بەر لەوەی شاخەکان ئاسۆی یەکتری ببینن ئێوە سۆگەتان بۆ ئەم دیوە داوە

کە ئازادی  لە حەرامی بەند کراوە   !!
ئێوە دێن
ئێوە دێن
مچووڕک بە لەشی» با «دا دێنن !!
ئێوە بەیانی دێن و گەردەلوول کڕنۆش بۆ هەنگاوتان دەبا !!
ئێوە دێن و چی خەرمانی مردوو هەیە دەژێتەوە
ئێوە سەروەرانی داهاتوو
خەونی ڕابردوو وەلادەنێن و بناغەی ئەم وڵاتە دادەڕێژنەوە
جۆرێک کە ئەفسانەکان چیرۆکێکی ساوا زیاتر نین
سبەی دێن و هەور لەگەڵیانە
برووسکە پشتیوانی هەناسەی ئەوانە
کە تاسەی هەڵمژینی هەوای نیشتمانیان کردووە !!
دڵنیام دەگەنێ
بەر لەوەی خەیانەت بیانگاتێ ئەوان لێرەن
وڵاتی وەفا ساڵانێکە سێڵاوی فەرامۆشی بەسەردا دێت و لەبیری نەکردوون
ئەوان دەگەنێ و ئەو چەکانەی خۆیان فرۆشت بە شانی بێگانە لەچاڵی سزادا
بۆ هەمیشە ئاگری دەمیان دەکوژێتەوە
ئەوان سبەی دەگەنێ هەتا قاقا لە برسێتی ببڕن
سبەی دەگەنێ هەتا توونێتی بە خوێنی خۆیان پاراو بکەن
ئەوان دەگەنێ و ڕیشەی شوومی بەدبەختی هەڵدەقەنن و
ناهێڵن ئاوازی هیچ گەروویەک لە نەزۆکیدا کوێر بێتەوە
ئەوان سبەی لێرەن و خۆڵەمێش دەشتەکان جێدەهێڵێ
سبەی لێرەن هەتا خەندە، خەفەت ڕاو بنێ
ئێوە دێن و دیکتاتۆر بۆ هەمیشە لە کوورەی غەزەبی ئێوەدا دەتوێتەوە !!
سبەی لێرەن و گەرەکیانە هەرگیز نەڕۆن، ئەوان دەیانهەوێ هەرگیز نەڕۆن  !!
ئەی گەلی من
ڕێگا لەم یاسای کەوە بگرن و زیارەتی ئەم هەڵۆیانە بکەن کە فیشەک توانای
سڕینەوەیانی نییە !

چریکی پیر

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* · *No :802 6 July 2021*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# تەوارانی ڕاسان









